# داعش لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە

ئازاد قەزاز

2015

## ناوەڕۆك


١- پێشەکی

٢- بەشی یەکەم

چەن پرسیارێك و سایکۆپۆلیتیك

٣- بەشی دووەم

خەوارج و شیعە

٤- بەشی سێیەم

داعش و توندڕەوی

٥- دەرەنجام

# پێشەکی

داعــش ئەو دیاردەیەی کە لە توندڕەویــدا خــۆی گەیانــدە ترۆپکــی تونــدووتیژی، ئەم داعشەی کە دەسکەوتی پرۆسەی ئایینداریی‌یەکە، وا نزیکەی سەدەیەکە بەڕێوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕیشەیەک کە ڕەنگە سەدان ســاڵ پێــش لە ئێستە دەستپێکردبێت. داعــش هەروەک کۆمەڵێ مــرۆڤ بەناوی خــواوە دایانهێناوە، کەچی هەر ئەم فۆرمە مرۆییە، کۆمەڵێ مرۆڤیتر لە شێوەی خۆی جارێکیتر دەخولقێنێتەوە، داعشێك کە ئێستە بۆتە دزێــوترین نموونەی مــرۆڤ لە مێــژوودا، کەچی ئەم داعشە خــۆی کۆتای پرۆسەیەکە، سەرەتا بە ڕیفــۆرمی ئــایینی و چاکســازی کۆمەڵگەی ئیســلامی کەوتە ڕێ و ئێستەش بەرێکێ ئەم درەختە ئایینداریی‌یە مرۆڤ و ئایین و کۆمەڵگە پێکەوە تێکئەشکێنێ.

بەڕاستی ناســینەوەی ئەم دیاردەیە و تێگەیشــتن لەم کۆمەڵە مرۆڤە و پاڵنەرەکانی پشتی دەرکەوتنی ئەم گروپە و دیاریکردنی هۆکارەکانی داهــــاتنی ئەم ڕێکخــــراوە، ئەرکی هەمووانە، پێـــش هەموو کەس ئیسـلامییەکان دەبێـت بەم ئەرکە هەسـتن. خـۆلادان لە دەرخسـتنی هەقیقەتی داعـش بەتایبەتی لەلایەن ئیسلامییەکانەوە، ڕاکردنە لە بەرپرسیارێتی. خۆپەڕاندنەوە بەوەی داعش ئیسلام ناشرین ئەکات، داعـش لە بنەماکانی ئیسلام لایداوە، داعش دروستکراو و پیلانگێڕانە بۆ دزێوکردنی ئیسـلام، داعـش موسـڵمانە یان موسـڵمان نییە، ئەمانە هەمووی وەک گەمەیەکی منالانەیە و تیایـدا هەسـت بە ڕۆحی بەرپرسیارێتێ ناکرێت، چونکە وەک وتراوە کە مرۆڤ بە گورگی لە دایک نابێت، بەڵکو دەکرێت بە گورگ.

هەر یەکێک لەو ئیسلامیانە بگریت کە تەمەنێکی باشی لە ناو ئیسلامدا بەسەر بردووە و بانگەوازی بۆ ئیســلام کــردووە و هەنووکە خــۆی لە داعــش تەبەڕا دەکات، زۆرێــك لە بۆچوونەکانی خــۆی لە ناو گەنجەکانی داعش ڕەنگ دەداتەوە و گەر باش گوێ بگرێت، دەنگ و ڕەنگی ڕابووردوی خۆی لە ناو ئەوانــدا دەبیستێتەوە. ئەگەر ئەم مرۆڤە ماقووڵەی ئێستە کە دەســتبەرداری ئەو بۆچوونانەی خــۆی بووە، ئەی ئەو گەنجە چی بکات کە دەنگی تـۆی پێگەشـتووە، بەڵام تـۆ خـۆت ئەوت بەجێهێشتووە و لای ئەو هەروایە کە ئەوە هەقیقەتی ڕەهایە و دەبێت بۆ ئەوە بژی؟! هۆکەی چییە کە دەنگی گـۆڕاوی تۆ بەو نەگەشتووە و هەر لەو خەیاڵپلاوەدا دەژی کە کاتی خۆی تۆش پێیەوە گیرۆدە بووی؟

کەواتە داعـــش بەوە کۆتایی نایێت لەو خێزانەی کە کاتی خـــۆی پێکەوە بـــوون، ئێستە ئەو دەرکەیتە

دەرەوەی ئەو خێزانە لە پێنــاوی ئەوەی تا جێگەی خــۆت نەلەقێت، ئەو ناشرین ئەکەیت لە پێنــاوی ئەوەی خۆت جوان بکەی. بەم شێوەیە ناتوانین بەرەنگاری دیاردەیەکەی وەک داعش ببینەوە. داعش دەبێت بخوێنرێتەوە، داعش دەبێت وەک دیاردە بناسرێتەوە، داعش دەبێت بەقووڵایدا شۆڕببینەوە، بە مێژوویدا ڕۆچینەوە، بەو کەلتورەدا بچینەوە کە دیاردەی وەها گەلاڵە دەکات، ئەو دەقانە ئەگەر پیرۆز و ئەگەر ناپیرۆزن تێهەڵچینەوە تا بزانین لەکوێ و لە چیدایە وا ئەم جـــۆرە مرۆڤانە ئەخولقێنێت. تەنانەت دەبێت پێکهاتەی دەروونی و کۆمەلایەتیش توێژینەوەی تایبەتی بۆ بکەیەن تا لەو نهێنییە بگەین بۆ دەبێت کۆمەڵێک مرۆڤ بە هۆی کۆمەڵێک دەقی تایبەتییەوە کە لەسەرانسەری جیهانی ئیسـلامی هەن، کەچی ئەو مرۆڤانە بەو شێوەیە بەنج و سڕ دەکات تا بگەنە ئەم ئاستە لە توندڕەوی و خوێنڕشتندا.

ئەوەش گرنگە کە دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەش لە دەرکەوتنی داعشـــدا، لە بیر نەکرێت. دەسەڵاتێکی گەنـدەڵ و خۆپەرسـت و خـۆ بە مەزنگر و خـۆ پیرۆزگەر کە زۆرێـک لە تاکەکانی فەرامۆش دەکا و کەمێکی ئەو کۆمەڵگەیە کە هـــۆگرانی خۆیانن، تێروتەسەل دەکات و وەک دابەستە بەخێویان دەکات. کۆمەڵگەیەک ئەمە کەلتورەکەی بێــت و ئەوەش دەسەڵاتە سیاســیەکەی بێــت و بە کۆمەڵێک دەقی پیرۆز کە دەتوانرێ بـۆ بەرژەوەنـدی کەسـانێک تەئویل بکرێـت، بزاڤێکی ئیسـلامیش هەر لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەو دەقانەی چـــالاک کرابێـــت، گومـــان لەوەدا نییە کە ئەمانە کەش و هەواو ژینگەیەک دادەهێنن کە بۆ دەرکەوتنی داعشیزم زەمینەیەکی باش دادەمەزرێنێت.

هەر لێرەدا ئەوەش بە پێویسـت دەزانم کە بێژم، با لەو جـۆرە وتارانەش دوورکەوینەوە کە بە کۆمەڵێك وشە و ڕستە تیایدا داعش وەسف دەکرێت، بێئەوەی پەیوەندی بەو دیاردەیەوە هەبێت. دەبینی هەندێ نووسەر وشەیەك یان کۆنسێپتێك لە شـوێنێکەوە دەهێنێـت و وەك بەرگێ، داعشـی پێدادەپۆشـێ، واتە بەرگێ لە شــوێنێکیترەوە ئامـادەکراوە، بـۆ ئامـانجێکیتر نووسراوە، بێ گۆڕانکاری پێداچوونەوە، ئەیکاتە بەری داعشەکان. بەتایبەتی ئەوانەی کە دژە ئیســلامییەکانن، ئەم تەرزە وتارانە دەنووســن. ئەم جــۆرە نووسینانە، ئێمە لە دیاردەکە وەك خۆی دووردەخاتەوە و هەروەك ئەوە وایە کە پەخشـانێک بنووسـێت و هیچیــتر. مەبەستمە بڵێــم پێویســتمان بە توێژینەوەی زانستی دەبێــت بــۆ ناســینەوەی دیاردەی لەم چەشنە، نەك دروشم هەڵدان و پەخشانە شیعر و هۆنینەوەی وشەی جۆراجۆر.

ئەم بابەتەی بەردەسـتت، هەوڵدانێکە بـۆ ناسـینی داعـش و خوێندنەوەی ناخی داعـش. کۆششێکە تا

بتوانین لە ڕۆحی داعشەکان نزیک بینەوە و لەوێوە بتوانین لەوان بگەین. جۆرە میتۆدێکە بۆ خوێندنەوە تا لە بۆچوونی سەرپێی و ڕق و کین و قسە فڕێدانی هەوانتە دوورکەوینەوە. نوسینێکە ئەوەمان فێر دەکات لە جولەی ئامێرانە دوورکەوینەوە و خوێندنەوەیەکی مرۆڤانە دابهێنین. میتۆدێکی سایکۆپۆلیتیکانەیە کە دەیەوێ لە دیوی ناوەوەی داعش بڕوانێت و لەوێوە بۆ چارەسەرێ بگەڕێین. بۆ ئەوە نییە کە هەرچی وشەی دزێوە بیبەخشینەوە و بەوە خۆمان دڵخۆش بکەین، کەچی هیچ ڕێگەیەکی زانستی نەگرینە بەر تا لەم دیاردەیە خۆمان ڕزگار بکەین. بۆیە لەم بابەتەدا هەروەک بە مێژوودا دەچینەوە، ئیستەی خۆشمان دەخوێنینەوە، ئەگەر داعش وەک بەری درەختێ ببینین، بە قەدو چڵەکانیدا هەڵدەزنین و بە ڕەگەکانیشیا شۆڕ دەبینەوە، بەڵام زۆر بەکورتی و پوختی، چونکە ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ و دەخوازێ.

کەواتە لەم بابەتەدا کە دەکۆشین لە گۆشەنیگای سایکۆپۆلیتیکەوە دیاردەیەکی وەک داعش بخوێنینەوە، سەرتا بە وشەی داعش دەستپێدەکەین، چەند پرسیارێکی گرینگیش دەخەینە ڕووتا یارمەتیمان بدات داعش وەک دیاردە ببینینەوە. پاشان چەمکی سایکۆپۆلیتیك دەناسێنین و هەندێ وردی دەکەینەوە، تا مەبەستی خۆمان لەمەڕ ئەو چەمکە و پەیوەندی بە داعشەوە ڕوون بکەینەوە. دواتر دەچینە ناو مێژووی ئیسلام و دەگەڕێینەوە ئەو سەردەمەی کە گروپێکیتر لە شێوەی داعش بە ناوی خەوارج تیایدا سەریهەڵداوە و جیاکارییەك لە نێوان داعش و خەوارج دا دەکەین تا بزانین لە کوێدا لە یەکتری دەچن و لە چیدا لە یەکتری جیا دەبنەوە. پاش ئەم بابەتانە دێینەوە لای داعش، هەوڵدەدین لە گۆشەی سایکۆلۆژیاوە لەوان بڕوانین و لە پەیوەندی داعشەکان بە سیاسەتەوە شتێك تێبگەین.

# بەشی یەکەم

# چەن پرسیارێك و سایکۆپۆلیتیك

**داعش و چەن پرسیارێ**

"داعش" واتە دەوڵەتی ئیسـلام لە ئێراق و شـام کە لە واتا عەرەبییەکەیەوە "دولة الإسـلام فی العراق و الشـام" وە وەرگیراوە، بۆتە دیارەدەیەك کە شایستەی کۆڵینەوە و توێژینەوە و پشـکنین و لێوردبوونەوە

بێــت. دیاردەیەك بۆتە جێگە سەرنجی تێکــڕای جیهــان و هەمانکات بۆتە مەترسی بــۆ زۆر وڵات و کۆمەڵگە. داعــش جگە لەوەی پرسیاری زۆری لای تــوێژەران و چــاودێران وروژانــدووە، گومــانی زۆریشی خوڵقاندووە، خەڵکێکی زۆریشی سەرسام کردووە و ئوممەتی ئیسلامیشی بەسەر چەن بەرەیەکدا دابەشــکردووە. داعــش کێیە؟ داعــش چییە؟ داعــش لە کوێــوە هــاتووە؟بە چــی و بــۆچی ئیستە هەڵقوڵاوە؟ چ دەستێکی لە پشتەوەیە؟ چ مەرامێکی هەڵگرتووە؟ لە چ ئاڕاستەیەکی مێژووییەوە هاتووە و بەرەو چ ئاییندەیەك دڕوات؟ لە ناو ئیســلامەوە دەرکەوتووە و بەرەو دەرەوە هەنگاو دەنێــت، یان لە دەرەوەی ئیســلامەو هــاتووە و بــۆ مەبەســتیکی تایبەتی بە رەو ناو ئیســلام خــۆی دەکێشــێت؟ چ دەســتێکی دەرەکی یارمەتی دەدات و بەرەو کوێ هــانی دەدات؟ئەمانە و زۆر پرسیاریتر، پرسیارگەلێکن وەڵامی درووست دەخوازن.

داعش دیاردەیەکی سروشتی نییە تا بە ناو یاساکانی فیزیکـدا بـۆ هۆکارەکانی بگەڕێین، داعـش دیاردەیەکە مرۆڤ دایهێناوە و مرۆڤیش خـۆراکی دەدات. ئەم مرۆڤە کێـن و چیـان گەرەکە؟ خۆزگە و حەزی ئەم مرۆڤانە چین و بە شـوێن چیـدا وێڵـن؟ ئەم مرۆڤانە خەڵکی کوێن و لە کوێـوە دێـن؟ ئەم مرۆڤانە چۆن دروسـتبوون و بە چـی دروسـتکران؟ ئەم مرۆڤانە لە ناو چ مێژوویەکە وە هـاتوون و لە چ مێژوویەکـدا دەژین؟ ئەی بۆکێ و بـۆچی خۆیان دەکەنە قوربانی و چاوەڕێی چ پاداشـت و خەڵاتێکن؟ ئەم مرۆڤانە هەڵگری چ جـۆرە جیهانبینییەکەن؟ چـۆن لە ژیان و دنیـا دەڕوانـن؟ سـتراتیژی ئەم مرۆڤانە چین و چ ئامانجێك پاڵیان دەنێت؟ ئەم حەمکە مرۆڤە لەسەر چ تەوەرێك کۆبوونەتەوە و کۆ ئامانج و نەستە کۆی ئەمانە لە چیدا دەبینرێتەوە؟ لە مرۆڤی غەیرە داعش بە چی جیادەکرێنەوە؟ ئەمانەش دیسـاوە کۆمەلێک پرسیارن، وەڵامی تایبەتیان گەرەکە.

ئەمانە وتمـان مرۆڤــن و لە جێبەنـدێکی وەك ئەم سەردەم و لە شــوێنێکی وەک ئەوەی هەنووکە هەن، دەرکەوتوون، بەڵام خــۆ ئەمانەش وەك گشــت مرۆڤگەڵێك بەرهەمی کەلتوور و پەروەردە و نەریتێکی کۆمەڵگەی خۆیان و سەردەمەکەیانن، نە لە ئاســـمانەوە داباریون و نە لە زەوییەوە هەڵقوڵاون، بەڵکو لە ناو خۆمانـــدا چێنراون. باشە دەبێـــت ئەم کەلتوورە چ کەلتورێ بێـــت، وا مرۆڤـــی لەم چەشنە ئەخوڵقێنێت؟ چ پەروەردەیەك بێت وا مرۆڤی ئاوهـا ئاڕاستە دەکات؟ چ نەریتێک بێـت وا ئەمانەی بەم چەشنە رام کردووە و بە ڕێیان دەکات؟ زانست ئەوەمان پێدەڵێت کە کەلتوور مرۆڤ ئاڕاستە دەکات، هەمووان دەزانین کە کەلتوور هەروەك نەریتە و مــرۆڤ خـــووی پێـــوەدەگرێت، هەرواش کەلتوور

گوتارێکە و مـرۆڤ هەڵیـدەگرێت، بەهەمانشێوەش کەلتوور دەستورێکی نوسراو و وتـراوە مـرۆڤ بەجێیدەهێنێت و دەریشی دەبڕێت. باشە ئەم کەلتوورە لە چییەوە پەیدا دەبێت و پێکـدێت، وا مرۆڤی بۆ دەستبەر دەکرێت؟ ئیـدی لێرەوە دەگەڕێینەوە بـۆ لای دەق، ئەو دەقەی کە مـرۆڤ لە دەرەنجامی ئەزموونی ژیان و ئایین بەرهەمی دەهێنێت و دواجار خۆشی بەند و کۆیلەی ئەو دەقانە واتە دەقی نوسرا و گوتراو، دەکات. گومـان لەوەدا نییە کە دەقی ئـایینی بەهێزترین دەقێکـن کە مـرۆڤ دەجـوڵێنن، پاشـان ئەو دەقانەی کە کەلتورێک دروسـتیان دەکات، بەڵام زۆرجـار ڕۆحێکـی ئایینیشـی بە بەردا دەکات و مرۆڤـی پـێ هانـدەدەن، ئەگەر مرۆڤـێ ئەوە نەکات کە کەلتورێ داوای دەکات، ئەوە بەلایەنی کەمەوە عەیبـداری دەکات، ئەوە ئەگەر بێتـوو تاوانباریشـی نەکات. ئەوە لەولاوە بوەستێت کە دەقی ئـایینی ئەو مرۆڤانەی کە وەک ئەو دەقانە بیر نەکاتەوە و لە خۆیان نەچێت، لەو چوارچێوەیە دەریـــدەکات و ئەوجا گوناهباریشـــی دەکات. بـــۆ ئێمەی ناو کۆمەڵگەی ئیســـلامی گرینگە و زۆریـــش پـــڕ بایەخە کە لەم گۆشەنیگایانەوە بۆ داعش بڕوانین، تا بیانناسینەوە، جا بزانین لەو ناسینەوەیەدا چ ڕیشەیەکی ئەو مێژوو کەلتوورە دەدۆزینەوە کە خۆمان دامانهێناون!

کەواتە مرۆڤەکانی کۆمەڵگەی داعـــش، مرۆڤـــی خۆمـــانن، لە ناو کەلتوری خۆمانـــدا سەردەردێنن، دەقەکانیش دەقی ئایینی خۆمانە، کەلتوری ئایینی خۆمانە، بەڵام ئەی بـۆ لە ئێمە جیابوونەتەوە و بەرەیەکی تـری جیایان لە ئێمە گرتـووە؟ واتە شـاراوە نییە کە ئـایینی ئیسـلام لەم دەرکەوتنەی داعـش بەشـدارە، کەلتووری کۆمەڵگەی ئیسـلامی هەوادارە، ئاستی ڕۆشـنبیری هەنووکەی موسـڵمانان داواکارە، چـونکی مـرۆڤ لە تەک دەقـدا لە مشتومڕدایە و کارو کاردانەوە هەیە، دەبێـت بپرسـین ئـاخۆ دەقی قورئـان و سوننەت چەنێك لەم ئامادەکردنەی داعشدا ڕۆڵ دەگێڕێ و کاریگەری خـۆی دەبێت؟ ئـاخۆ داعـش بە چ زیهنییەتێکەوە ئەو دەقانە بۆ بەرژەوەندی خـۆی بە کاردەهێنێت؟ باشـتروایە بڵێین ئـاخۆ داعـش بە چ ستراتیژێك ئەو دەقانە دەخوێنێتەوە؟

ئێمە لەسەرەتادا داعشـمان لە کۆنتێکستەوە بەرەو تاکێـك و لە وێـوە بـۆ کەلتورێ گوێزایەوە و پاشـان گەشتینەوە لای ئیســلام کە وەک ئایینێــك لەم دەرکەوتنەدا ڕۆڵ دەگێڕێــت. بەڵام ئێستە دێینەوە لای سیاسەت و دەسەڵات و بەرژەوەندی ناوچەیی و نیودەوڵەتی کە چ ڕۆڵێـک لەم دەرکەوتنەدا دەبینێـت؟ چ دەسەڵاتێکی سیاسی هەیە کە دەتـوانێ کەڵك لەم جـۆرە مرۆڤگەلە وەرگرێـت و بەرەو بەرژەوەنـدی خـــــــۆی ئاڕاستەیان بکات و ئەو مرۆڤانەش بەو ئاڕاستەیدا تینوویەتی ڕۆحی خۆیان لەو جوڵەیەدا

دەشـــکێنن؟ ئەم دەسەڵاتە سیاســـیيە چ جــۆرە دەقێکـــی مێژوویی لەو مرۆڤگەلەدا دەخاتە کار، تا لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی سیاسی تـردا پارسەنگی هێـزی پێراگـرێ؟ ئایا هەڵبژاردنی ناوی داعـش لە لایەن ئەو دەسەڵاتە سیاســـيیەوە مەبەســـتێکی تایبەتی لە پشتەوەیە یان هەروا ناوێکە و هەڕەمەکیانە هاتۆتە پێـــش؟ ئەگەر ئەو ناوە (واتە ناوی داعـــش) نەبوایە و ناویکیتری لێبنرایە، ئەم دەسەڵاتە سیاســـيیە ئەیتوانی بەم چەشـنە لە هەموو جیهانەوە مرۆڤی موسڵمان بۆ خـۆی کێش بکات؟ یان دەیتـوانی ناوێکیتر جگە لە داعش بەم چەشـنە مرۆڤی موسڵمان خۆی بـۆ بکردایە بە قوربانی؟ ناوی داعـش تا چ ئاسـتێك تەعبیر لە ناوەڕۆکی داعشـــيیەکان دەکات؟ پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر ناوی داعـــش بـــۆ ئامانجێـــک نرابێـــت، دەتـــوانێ ناسنامەی داعشـــيیەکان دابین بکات؟ ئەگەر ئەو دەسەڵاتە سیاســـيیە لەو داعشـــانە ڕانەبینێت کە ئاوها بۆ ئەو ئامانجە سوتاون و بە دڵنیاییەوە گیانی خۆیان دەبەخشن، ئاخۆ ئەو کۆمەکەی بکردنایە؟ بێگومان لەوە دڵنیا بـووە کە ئەوانە ئەو مرۆڤگەلەن دەتـوانن ئامـانجی خـۆی بە هۆیانەوە دابین بکات، ئەگین دەستی بۆ درێـژ نەدەکردن. واتە ئەو دەسەڵاتە سیاسـيیە بە خـۆڕایی کاڵای خـۆی بە وان نابەخشێت ئەگەر دەرکی بە تواناو لێهاتوویی ئەوانە نەکردایێ.

## سایکۆپۆلیتیك

لەبەشی پێشـــــــوودا کۆمەڵێ پرسیارمان خستە روو، وای دەبینیم گەر ئەو پرسیارانە وەڵام بدرێنەوە، داعـــش وەک دیاردەیەك دەناسرێتەوە و لە بەر چاومـــان بەرجەستە دەبێـــت. ئایا لە وتارێ یان چەن وتارێکی سەرپێیی، مرۆڤی توێژەر دەتوانێ وەڵامی ئەو هەمکە پرسیارانە بداتەوە؟ بێگومـان نەخێر. بۆیە هەوڵی مـــن تەنها وەک گریمانە دەرخســـتنی گۆشەیەکی ئەو دیاردەیەیە و هیچیـــتر، ئەویش لە گۆشەی ســـایکۆپۆلیتیکەوە و لە چوارچێویەکی تیۆریدایە و هیچیـتر. ئەگین ئەگەر بمانەوێ هەنگاوی زانسـتیانەی تەواو بنێین، دەبیـت پشـکنین و سـێرچی مەیـدانی بـۆ بکەین. هەرچەنـدە لە پشـت دیاردەی داعشەوە پیلان گێڕی خـۆی حەشـارداوە، بەڵام ئەم بابەتە هێنـدەی باسی خـودی داعش خۆیەتی، هێنـدە باسی ئەو پیلانە نییە کە خـــۆی بە کەشتی داعشـــدا هەڵواسیوە. بە واتایەکیتر داعـــش کائینێکە وجـــودی سەربەخۆی خـــۆی هەیە، بەڵام گشـــت وجـــودێ لە باریدایە بـــۆ مەرامیتر بەکاربهێنرێ. با لەم بەشەدا هەنـدێکێش لە گۆشەنیگای سـایکۆپۆلیتك بڕوانین و بزانین مەبەستمان لەو چەمکە چیە و چ ئامـانجێ لەم بۆچونەدا دەپێکین. کەواتە سەرەتا بابزانین سایکۆپۆلیتیك چییە.

سایكۆپۆلیتیك دیدێكە بۆ خوێندنەوەی كاری سیاسی مرۆڤ، كە ئاڕاستەی دەروونی مرۆڤ لەو كارە سیاسـییەدا كاریگەری خـۆی دەبێـت. واتە ئەو لایەنەی مـرۆڤ كە كاریگەری بەسەر مرۆڤەوە لە پرۆسەی سیاسیدا هەیە و دیار نیە، بە دیار دەخـات. یەكێك لەو فاكتەرانەی كە ناواخنیە و پرۆسەی سیاسی ئاڕاستە دەكات، لە سایكۆلۆژیادا بە ستراتیژ ناسراوە. ستراتیژ لە دیدی سایكۆلۆژیاوە، جۆرێكە لە پێكهاتەی زیهنی مـرۆڤ، هـانی دەدات تا بە ئاڕاستەیەكی تایبەتا بیبـات و مەبەسـت و مەرامی خـوازراوی خـۆی وەدەسخـات. لێرەدا تیشـكێك دەخەینە سەر سیاسەت و سـتراتیژ تا بزانین چـۆن مـرۆڤ سـتراتیژیەتی خـۆی بەكاردێنێ تا بگاتە ئامـانجی ویسـتراو. سیاسەت یان سیاسەتكردن، وەک جۆریک لە ڕەفتار دەخوێنرێتەوە، مرۆڤ دەینوێنێت تا دەسەڵاتێک یان مافێک وەدیبهێنێت. ئیدی ئەوە ئاشـكرایە كە لەپشـت گشـت ڕەفتـارێ، پاڵنەرێكی دەروونی دەبێ هەبێت، كە سـایكۆلۆژیا بە ستراتیژ ناوی دەبات.

لە گۆشە نیگای سایكۆلۆژیاوە، سـتراتیژ بریتیە لە كۆی ئەو ئەزموونە ناوەكی و دەرەكیانەی لە مرۆڤێكدا خۆی گرتووە، كە بەردەوام ئەنجامێكی دیاریكراو بەرهەم دەهێنێت. دەتوانین بە جۆرێكیتر بڵێین؛ ستراتیژ چەند هەنگاوێكی یەك لە دوای یەكە، كە مرۆڤ بەرەو ئامانجێكی چاوەڕوانكراو دەبات. سایكۆلۆژیا بـۆ ناساندن و مانا دان بە ستراتیژ، قووڵـتر لەوە دەچێـت كە هەر تەنها هەنگاونان و ئەزموونكردنی تایبەت بێت، بەڵكو دەڵێت، ستراتیژ شتێكە ها لە مێشكدا، هـا لە ناو فكـردا، هەروەها وا لە ناو دەمارەخانەی مێشكی مرۆڤدا كە بەرەو ڕەفتارێكی تایبەت و دەرەنجامێكی دیاریكراوی دەبات.

لەم بۆچوونەی سەرەوەدا ئەوە ئاشـكرا ئەبێت كە سـتراتیژ، سـتراكچەرێكە یاخود پێكهاتە دەروونیەكە، كاتێ كە ئێمە ڕەفتارێك ئەنوێنین، هانمـان ئەدات چۆن ئەو ڕەفتـارە بنـوێنین. واتە ئەگەر كەسێك لە ناو مێشـكی مرۆڤێـك بڕوانێـت و سـتراتیژی ئەو مرۆڤە ببینێت، دەتـوانێت پێشبینی ئەوە بكات، سەر لە كوێـوە دەرئەكات، چـونكی ئەو مرۆڤە بەگوێرەی ئەو سـتراتیژەی خـۆی دەبزوێـت و دەرەنجـامیش دەرئەهێنێت. بەم پێیە دەتوانین سیاسەتكردنی كەسێك، وەك ڕەفتارێكی سیاسی لە ڕێگەی ناسینەوەی سـتراتیژی ئەو كەسەوە بدۆزینەوە. بەهەمان شێوە دەتـوانین كـۆ ئەقڵی سیاسی كۆمەڵێك یان گەلێك دەسنیشـان بكەین و لە دەرنجامەكانیشـی وردبینەوە. مـرۆڤ هەر لەمنداڵیەوە سـتراتیژی خـۆی پەرەپێدەدات، بەردەوام دەبێت لەو گەشە پێدانەدا، هەر لەو كاتەوە چەنـدین ئەزموونی ناوەكی و دەرەكی لە خۆیدا پێدەگەیێنێ. ئیدی ئەو مرۆڤە بیەوێ و نەیەوێ لە هەڵسوڕان و ڕەفتـار نوادنـدا، بەردەوام ئەو

جۆرە ستراتیژەی هەڵیگرتووە، ئامادە دەبێت. ئەم بۆچوونە سایکۆلۆژییە ئەمانگەیێنێتە ئەو باوەڕەی کە گومان لەوەدا نەمێنێت، هەر مرۆڤێك لە كاتی مومارەسەكرنی كاری سیاسیدا ستراتیژێكی تایبەتی بە خۆی دەبێت هەبێت، هەر كۆمەڵێكیش ستراتیژی لە نەستە كۆی خۆیدا هەڵگرتووە و زۆرجاریش، ڕابەرە سیاسی و ئاینیەكانیش بەو ئاقارەدا دەبات كە نەستەكۆی ستراتیژی ئەو كۆمەڵە خۆی گەرەكیەتی. لەهەمانكات ئەوەشمان پێدەڵیت، هەر كاتێ مرۆڤ لە خودی خۆی هۆشیار بۆوە و ستراتیژەكانی لە كات و ساتێكدا سەركەوتوو نەبووبێت، توانای دەبێت ئەو ستراتیژە بگۆڕیت، تا دەرەنجامەكانیش بگۆڕیت و ئامانجی خواستراوی خۆیشی وەدیهێنێت.

ئێمە لە پێشەوە ئەوەمان ڕوون كردەوە، چۆن مێژوو و ڕابووردوو، پەروەردە و كەلتوور، چ جۆرە ئەزموونێكی ناوەكی و دەرەكی لە مرۆڤدا دەخولقێنێت و چ جۆرە ستراتیژیەتێكی پێدەبەخشێت، كە لادان لەو ستراتیژە كارێكی ئاسان نەبێت. سیاسەتكردن یەكێكە لەو كایانەی مرۆڤ تیایدا ستراتیژیەتی خۆی پیادە دەكات، هەندێ جار ستراتیژیەتی تاكێك یان كۆمەڵێك وا باڵ بەسەر نەتەوەیەكدا دەكێشێت، پیرۆزیەكی بێئەندازی ئەوتۆ وەردەگرێت، بیركردنەوە لە جۆرێكی دی جیا لەو ستراتیژە، حەرام دەبێت. سەركردەو و خەلكی بەگشتی وا لەو كۆدەنگییە ڕادێن، دەبێت هەرچۆن بووە گوێڕایەڵی بكەن، ئەگین خۆیان بە لادەر دەبینن.

لەم شرۆڤەیەی سەرەوەدا تاڕادەیەك گۆشەنیگای ڕوانینی سایكۆپۆلیتكمان ڕوونكردەوە، كە ناخ و دەروونی مرۆڤ چ جۆرە پەیوەندییەكی بە كارو چالاكی سیاسییەوە هەیە. لە پەرەگرافەكانی پێشوتردا، لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی وروژاندومانن، تا ڕادەیەك دیاردەی داعشمان بەرجەستە كردووە. ئیدی لەمەو پاش، هەنگاو بەهەنگاو لە ناخی داعش ڕۆدەچین و لەگەڵ ئەو كارە سیاسیەی هەنوكە پیادەی دەكەن، پەیوەنییەك دەدۆزینەوە و دەیخەینە بەردەم خوێنەر. بەڵام پێش ئەوەی بچینە لای داعش، هەندێ دوور دەكەوینەوە، بە مێژووی ئیسلامدا دچینەوە و خۆمان دەگەیەنینە لای خەواریجەكان. یەكەم لەبەرئەوەی كە هەنوكە وا دەبینرێ داعشی ئیمڕۆ خەوارجی دوێنێ بن، دووەم لەبەرئەوەی كە هەندێ ڕیشەی دەروونی لە خەوارجەكان و شیعەكاندا بینراونەتەوە كە وەک هۆكار دانراون بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی: بۆ كۆمەڵێك موسڵمانی دڵسۆزی عەلی كوڕی ئەبو تاڵیب دەبنە خەوارج و دژی دەوەستنەوە، كەچی كۆمەڵێكیتر دەبنە پشتگیری عەلی و شیعە لە مێژووی ئیسلامدا بەرهەمدێن و ڕێك پێچەوانەی خەوارج دەبنەوە.

خەوارج و شیعە ئەگەر چـی پێچەوانەی یەکترن لە ئاڕاستەدا، کەچی هەردولا دەقی قورئـان وحەدیس دەکەنە بەڵگەی ڕاستێتی ئاڕاستەکانیان. چ جـۆرە کەلتورێ ئەم دوو ئاڕاستەیەی بەرهەمهێناوە؟ فکـری پێش ئیسلام چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوان جێهێشتووە و چ جۆرە دەقێکی قورئـان و حەدیس بـۆ ئەو جیهانبینیەی خۆیان دەهێننەوە؟ ئەم دوو گروپە جیـاوزە چ چەشنە سـتراتیژێکیان لە ناخی خۆیانـدا هەڵگرتووە؟ ئیـدی لێرەوە بۆمـان دەردەکەوێ کە هەر ئـایین نییە ئاڕاستەی کەلتورێ دەگورێ، بەڵکو کەلتوریش ئاڕاستەی ئـایین دەگۆڕێ. هەرگیز ئـایینێکی نـوێ بە پوخـتی و خـاوێنی لە مێشـکی مرۆڤـدا جێگەی خۆی ناکاتەوە، بەڵکو فکری پێشـوەخت لە خۆیەوە دەئـاڵێنێ. ئەوە سروشـتی مرۆڤە و هەرگیز ناتوانێ لەو دۆخەی خۆی ڕزگاری بێت.

لەبەشی داهاتوودا تیشکێك دەخەینە سەر سەرهەڵدانی خەوارج و شیعە لە ڕوویەکی سایکۆلۆژییەوە کە دیاردەیەکی سیاسی تایبەتیان لە مێژووی ئیسلامدا خولقاندووە.

# بەشی دووەم

# خەوارج و شیعە

لە بەشەکانی پێشـوودا لەڕێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوە دیاردەی داعـش خرایە بەرچاو تابتوانین هەنـدێك زانسـتیانە و دوور لە قسەی ڕۆژانە، تێگەشـتنمان لە داعـش نزیـك بکەینەوە. بە شرۆڤەیەکی کـورت چەمکی سایکۆپلۆیتیکمان تا ڕادەیەك ڕوون کردەوە. ئەوەشمان ڕاگەیاند کە لەم بەشەدا تیشـکێك دەخەینە سەر خەوارج لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی مێژوویی و عەقیـدی لەنیوان خەوراج و داعشـدا بەدیـدەکرێ، ئەگەر چـی جیاوازییەکی تایبەتیش لە نیوانیـادا دبینرێ. بەڵام بـۆ ئەوەی مەبەستەکەمان جوانـتر خـۆی بدات بەدەستەوە، هەندێکیس بەرەوە مێژووی رابـوردوو دەگەڕێینەوە. واتە لە سـاڵانی ٦٥٦ زاییینیەوە دەست پێدەکەین کە دیاردەیەکی وەک خەوارج بنەچەی خۆی تێدا داناوە.

## لە داعشەوە بەرەو خەوارج

لێـرەدا بـۆ ماوەیەک داعـش جێـدەهێڵین کە سـاڵی ٢٠١٤ یە و هەنـدێك دەگەڕێینەوە و بە مێـژوودا سەردەکەوین تا دەگەینە ساڵی ٦٥٦ زایینی. لەو ساڵەدا پاش کوژرانی خەلیفەی سێیەم عوسمانی کوڕی

عەففان، عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بە خەلیفەی چـوارەم دادەنرێـت. بەڵام مردنی عوســمان و دەستگیر نەکردنی بکوژەکانی، گێـژاوێ دەخـولقێنێ، بە جـۆرێ جیهـانی ئیسـلام دابەش دەکات، ئیـدی لەوکاتەوە خۆی پێنەگیراوەتەوە. لەسەردەمی فەرمانڕەوای عوسماندا، موعاوییەی کوڕی ئەبوسـوفیان کە خزمایەتیان لەگەڵ عوســماندا بـووە، کراوەتە والی شـام. موعاوییە بە بیـانووی ئەوەی کە عەلی بکوژەکانی عوســمان بەدەستەوە نادات، لە عەلی یاخی دەبێت و ملکەچی فەرمانەکانی نابێت.

لیرەد بـۆ ئێمە گرینـگ نییە کە بـۆ عەلی بکوژەکان ڕادەستی دادگـا ناکا و بـۆ موعاوییە داوای دەکات، بێگومان پاڵنەری سیاسی تایبەتی خۆیانی لە پشتەوە بووە، ئیتر کامیان خاوەن هەق بوونە یان نا، بابەتی ئێمە لێرەدا ئەوە نییە کە دادگایی کەسیان بکەین. بۆ ئێمە ئەوەی گرینـگ بێـت، گەشـتنە بەو زەمینە خۆشـکەرەی کە بۆتە هـۆی دەرکەوتنی خەوارج. چونکە لە دەرەنجـامی مشتومڕی عەلی و موعاوییە و ئەو ململانێ و تەنگژەیەی ئەوان هێنایانە ئـاراوە، زەمینەیەك سـاز بـوو تا خەوارج تیایـدا دەربکەوێت. واتە داوای خوێنی عوسمان لە لایەن موعاوییە و فەرامۆشکردنی لەلایەن عەلییەوە ئاگری جەنگی لە نێوان هەردوو بەرەدا خۆشـــکرد. ئیـــدی بیرۆکەی خەوراج و شیعەش لەو زەمینەیەدا چەکەرەیان کـــرد و ڕیشەیان لەو زەمینەیەوە خـۆراک دەدران، نەک تەنها گرووپێـک بەڵکو بە درێژایی مێـژووی ئیسـلام، دەیان گرووپیتر لە جۆری خەوارج و شیعە سەریان دەرهێنا.

پاش جەنگێکی خوێناوی، کە هەردوو بەرەی عەلی و موعاوییە تیایدا پەرێشان ببوون، بەرەی موعاوییە لە بێ هیوایـدا دەژیان و لە ئـان و سـاتێکدا بـوون کە شکسـتبهێن، بۆیە بیریان لەوە دەکردەوە بە هەر نرخێـك بـووە دەبێـت ئەم جەنگە بوەستێنن، ئەگین دەشـکێن و ئیـدی هەرگیز بە ئامانجەکەیان ناگەن. دواجـــار بەرەی موعاوییە گەشـــتنە ئەو بڕیارەی کە چەن پیـــاوێکی خۆیان لە گەڵ چەن موسحەفێکی قورئـان کە کردبوویان بەسەر ڕەمەکانیانەوە، بەناوی خواستی ئاشتەوایی، خۆیان کرد بە ناو ئوردوگـای عەلی دا، تا جاڕی ڕاگرتنی جەنگ بـدەن. ئەم ڕەفتـارە سیاسـییەی بەرەی موعاوییە، لای گرووپێکی ناو بەرەی عەلی، کاردانەوەیەکی سایکۆلۆژیانەی خرۆشاند کە پەیوەندی بە جـۆری باوەڕی ئەوانەوە هەبوو. خرۆشانی ئەو گرووپە لەوەدا بوو، پەڕاوی قورئانیان بەسەر ڕمی ئەو کەسـانەوە بینی کە هـاتبوون داوای ئاشتی بکەن. ئەم دیمەنە بۆ ئەوان واتای ئەوەبوو کە دەبێت ملکەچی کەلامی خودا بن. ملکەچی ئەوان بـۆ کەلامی خـودا لە تێگەشتنێکی زاهیرانەوە بـووە. واتە هیـچ مەرامێکی سیاسی نابێت فەرمانی خـودا بگـۆڕێت. ئیـتر بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ڕەنگە ئەمەی موعاوییە فێڵێکی سیاسی بێـت، ڕاستەوخۆ

خۆیان بەو ئایەتەوە بەستەوە کە داوا دەکات ئەگەر دوو کۆمەڵ لە باوڕداران دژ بەیەك جەنگین، ئاشتی لە نێوانیاندا ساز بکە، خۆ ئەگەر یەکێکیان هەر ملهوڕی کرد، ئەوا دەبێت بەردەوام بجەنگن تا ئەو گروپە ملکەچی فەرمانی خودا دەبێتەوە[1]. پەیوەندی ئەم کاردانەوەیە بە لایەنی دەروونی و جیهانبینی گروپی خەوارجەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات چۆن سیاسەت و سایکۆلۆژیا واتە ناخی مرۆڤ و ڕەفتاری سیاسی، وابەستەی یەکتر دەبن.

ئەو کۆمەڵە کەسانەی ناو بەرەی عەلی، ئەو ئایەتەیان لەو کاتەدا بە حوکمی خودا دەزانی لە نێوان خۆیان و بەرەی موعاوییەدا، بۆیە عەلییان هاندەدا و بگرە زۆریشیان لێدەکرد، کە دەبێت بەو سوڵحەی موعاوییە داوای دەکات ڕازی ببێت، ئەگین چارەنوسی ئەویش وەک چارەنوسی عوسمان دەبێت. کاتێ کە ڕێککەوتنەکەی نێوان عەلی و موعاوییە سازکرا، جارێکیتر ئەو کۆمەڵە کەسەی پێشتر عەلیان ناچارکرد بەو ڕێککەوتنە ڕازی بێت، پەشیمان دەبنەوە و ئەو ڕێککەوتنە بە لادان لە فەرمانی خودا دەبینن . ئەو باوەڕەیان لەلا دروست دەبێت کە حوکمی خودا لەم ڕێککەوتنەدا جێبەجێ نەکراوە و تەنها مرۆڤەکان بە ڕاوبۆچوونی خۆیان ڕێککەوتنیان ئەنجام داوە. ئیدی لێرەوە ئەوان دروشمی " لا حکم إلا لله- تەنها حوکم هەر بۆ خودایە" بەرز دەکەنەوە و لە بەرەی عەلی دەردەچن و هەرچی لەگەڵ خۆیان نەبێت بە کافری دەزانن. عەلی و موعاوییە و هاوەڵەکانیان لە پێش هەمووانەوە، لای خەوارجەکان کافر دەکرێن.

لە هەمان کات و لە بەرامبەر ئەوان گروپێکیتر خۆی ئاشکرا دەکات، کە دەبنە پشتیوانی عەلی و بەرامبەر بەم کۆمەڵە دەوەستنەوە. ئەمەشیان دیسانەوە پەیوەندییەکی پتەوی ناخ و دەروونی ئەم گروپە و کاردانەوەیان لەبەرامبەر خەوارج و ڕووداوەکە، نیشان دەدات. دەبینی دوو نەستی پڕ لە دوو ئەزموونی جیاواز، کە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی دوو ڕۆحی جیاواز، دوو کاردانەوەی سیاسی جیاواز، جەدەلێکی پڕ لە گێژاو لەبەرەی عەلیدا لەنیوان ئەو دوو کۆمەلەدا دەهێنێتە ئاراوە و هەریەکەیان ئەویتر تاوانبار دەکات. ئەوانەی دژ بە سوڵحەکەی عەلی و موعاوییە بوون و پاشان وەک خەوارج دەرکەوتن، بەو کۆمەڵەیتر کە پشتیوانی عەلیان دەکرد و پاشان وەک شیعە دەرکەوتن، دەیانوت:" *ئێوە دژ بە قورئان وەستاونەتەوە، چونکی لە بری حوکمی خودا، حوکمی مرۆڤتان جێبەجێکردووە، بۆیە ئێوە تاوانتان ئەنجامداوە*". کۆمەڵەکەی تریش کە بوونە شیعە بەوانیان دەوت:" *ئێوەش دژی ئیمام جوڵاونەتەوە، ئەو ئیمامەی جێگە متمانەی هەمووان بوو، ئێوەش لە فەرمانی ئیمام دەرچوون*".

---

[1] وَإِنْ طَائِفَتَانِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اقْتَتَلُوا فَأَصْلِحُوا بَيْنَهُمَا فَإِنْ بَغَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى الأُخْرَى فَقَاتِلُوا الَّتِي تَبْغِي حَتَّى تَفِيءَ إِلَى أَمْرِ اللَّهِ. الحجرات ٩.

هەر لەم جێگەیەدا دوو گرووپی جیاواز سەرهەڵدەدەن کە نەخشەی مێژووی جیهانی ئیسلامی دوولەت دەکەن و تائیستەش جیهانی ئیسلامی پێیەوە دەناڵێنێ. بیگومان هەر گرووپە و ئایدیۆلۆژیای خۆی بە ئایەت و حەدیس پشت ئەستوور دەکاو هەندێجاریش لێکدانەوەی ئەقڵی و ئەزموونی خۆشیانی تێکەڵ دەکەن. پاش مردنی عەلی و خۆشبوونی تەختی دەسەڵات بۆ موعاوییە و پاشانیش بۆ وەچەکانی بەنی ئومەیە، دیسانەوە گرووپێکی تر سەرهەڵدەدات بە ناوی مورجیئە تا بەرەنگاری بۆچوونەکانی خەوارج بێتەوە و دەسەڵاتی بەنی ئومەیە لەبەرامبەر ناشیرینکردنی لێکدانەوەکانی خەوارج، بپارێزێت. نامەوێت لێرەوە بەدرێژی باسی شیعە و مورجیئە بکەم مەگەر لە شوێنێکدا کە بۆروونکردنەوەی فکری خەوارج پێویست بێت، ئەگین هەوڵدەدەم هەندێ فراوانتر لەسەر فکری خەوارج بڕۆم کە هەندێ پەیوەندی لە نیوان ئەوان و داعشی ئێمڕۆکە دەبینرێتەوە، کە ئەوان لەم بابەتەدا جێگە مەبەستی ئێمەن.
ئەوەی گرینگە لەسەرەتادا بیڵێم ئەوەیە کە پێکهاتەی دەروونی خەوارج و دەرکەوتنی لەو ساتەدا پەیوەندیان تا رادەیەکی زۆر پێکەوە هەیە. دوو خەسلەتی سەرەکی لە گرووپی خەوارجدا دەبینرێنەوە کە بەو شێوەیە لە مێژوودا بۆتە هۆی دەرکەوتنیان. خەسڵەتێکیان پەیوەندی بە پێش مێژووی ئیسلامەوە هەیە و ئەویتریان لە ناو ئیسلامدا بۆیان پەیدا بووە. سەرەتا ئەو دوو خەسڵەتە دەخەمە ڕوو و شیکارییان بۆ دەکەین، کە یەکەمیان دەگرێتەوە بۆ ئەو گرووپە عەرەبانەی سەر بە ناوچەیەکی تایبەت بوون لە دوورگەی عەرەبیدا و دووەمیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو گرووپە زاهیرناس بوون، واتە بە بێ تەئویل و لێکدانەوە لە زاهیری دەقەوە حوکمیان داوە. لەم دۆخە دەروونییەی کە هەڵیانگرتووە، سێ سیفات لەواندا دەردەکەون، ئەوانیش: تەکفیرکردنی غەیری خۆیان، هیجرەتکردنی کۆمەڵگەی کافر و حاکمییەت تەنها بۆ خوادیە. پاشا ئەم ڕوونکردنەوانە عەقیدە و ئایدیۆلۆژیای خەوارج بە کورتی باس دەکەین. ئیدی دەگەڕێینەوە لای داعشی ئێمڕۆکە و بە قەد ئەوەنەی تێگەشتوم و پێیگەشتوم، قسە لەسەر ئایدیۆلۆژیا و سایکۆلۆژیای ئەوانیش دەکەین و پاشان هێندەی بۆمان بلوێت پەیوەندییان بە خەوارج و جیاوازییان لەوان، ئاشکرا دەکەین.

## جیهانبینیی خەوارج

لەم بەشەدا درێژە دەدەین بە ناساندنی خەوارج، تا بتوانین لەم گرووپە باش تێبگەین و لەوێشەوە لە داعش بڕوانین. بەشی پێشوو ڕوونکردنەوەیەک بوو سەبارەت بە هۆکاری دەرەکی خەوارج، واتە ئەو

ڕووداوەی نیوان عەلی و موعاوییە کاردانەوەیەك بوو کە گروپی خەوارجی دەرخست. دیارە مەبەستم لە هۆکاری دەرەکی لێـــرەدا پیلانگێـــڕی دەرەکی نییە، بەڵکو ئەو هۆکارەی کە دەکەوێتە دەرەوەی ناخی مـرۆڤ، ئەو هۆکارەی وەک کارێـك ڕوو دەدات و کاردانەوەیەك لە ژێـر کاریگەری دۆخی دەروونی، خۆی دەردەخات. ئەو کاردانەوەیەی کە لە لایەن خەوراجەوە ئاشکرا کرا، هەر ئەوە نەبوو کە خەوارجی بە ئێمە ناساند، بەڵکو دەرکەوتنی خەوارج، بووە هۆی ئەوەی کە شیعەش ئەوەی لە نەستیدا نیشتووە، وەک دەرکەوتەی گروپێکی شیعە، خۆی ئاشکرا بکات.

ئیستە کاتی ئەوە هاتووە کە هەندێك بە دیوی ناوەوەی ئەو دیاردەیەدا بچینە خـوارەوە. هەردیاردەیەک بگــری، هەمیشە ڕوخســاری هەیە و ناوەڕۆکیشــی دەبێــت، واتە قــووڵایی و ڕوکار لەو دیاردەیەدا پەیوەندی پتەویان پێکەوە دەبێت، ئەو ڕوخسـارەی دەردەکەوێ، نوێنەری ئەو ناخەیە کە دەرناکەوێ. ئەو دیاردەیەش باش ناناسرێت گەر هەر دوو ڕووەکەی دەرنەخرێن. لێـرەدا هەر بۆئەوەی کە خەوارج باشـتر بناسرێت، تیشـکێکیش دەخەینە سەر هۆکاری ناوەکی کە بـووە هـۆی ئاشـکرا بـوونی گروپێکی وەک شیعەش، واتە هـۆی چـی بـوو  وا گروپێـك بەرەو شیعگەری چـوو، گروپێکیـتریش بەرەوە خەوارجیبوون چوو، لە ناخەوە دەیانخوێنینەوە.

ئەبێ لەوە وردبینەوە کە ئەم هۆکارە ناوەکییە بە تاقە هۆکار نازانرێت، بەڵام یەکێکە لەو هۆکارانەی بە گرینگ دەبینیرێت کە بۆ فلانە گروپ بە ئاراستەیەکدا دەڕوات و فلانە گروپیـتر بە ئاراستەیەکی ئەگەر ڕێـــک دژ بەیەک نەبێت، بەڵکو بە دوو ئاڕاستەی زۆر جیـــاوازدا دەڕۆن. کارێـــک ڕوودەدات و کاردانەوەیەکی بە دوادا دێـت، بێگومـان لەپشتی ئەم کاردانەوەیەدا ناخێـک هەیە بڕیار بە ئاراستەیەکدا دەدات کە جیـاوازە لە ناخی ئەویتریان کە بە ئاراستەیەکی جیـاوازدا دەروات. ئەوە بــوو کە لە بەشی دووەم لە باسی سایکۆپۆلیتیکدا تیشـکمان خستە سەر ئەو دۆخە ناوەکییەی مـرۆڤ، بە ناوی سـتراتیژ، وتمان کە : *ستراتیژ بریتییە لە کـۆی ئەو ئەزموونە ناوەکی و دەرەکییانەی لە مرۆڤێکـدا خـۆی گرتـووە، کە بەردەوام ئەنجامێکی دیاریکراو بەرهەم دەهێنێت.*
سەرەتا لەو دوو خەسـڵەتەوە دەستپێدەکەین کە گروپـی خەوارجی والێکـرد بـوو، بەو شێوەیە لە ژێـر فەرمانی عەلی دەرچـــن و لەبەرەی نەک هەر عەلی بەڵکو لە کـــۆی کۆمەڵگە بێنە درەوەوە و ئەوەی کە وەک خۆیان باوەڕدار نەبوایە، بە کافریان دادەنا. یەکەم خەســـڵەتی ئەو گروپە ئەوە بـــووە کە زۆر بە زاهیری دەقی ئایەت و حەدیس حوکمیـــان دەدا و پێچەوانەی ئەو زاهیرەی کە لای ئەوان دەردەکەوت،

پەسەند نەدەکرد. واتە ئەو دەقە زاهیرەکەی چۆن دەرکەوتایە ئەوانیش ئەوەیان بە حوکمی خودا دەزانی، بێ ئەوەی بیر لە هیچ ئەگەرێکیتر یان بارودۆخێکی تایبەت بکەنەوە. ئەمانە خۆشیان زۆر بە دیندار و لە خواترس دەبینی، وەک دەڵێن ئەمانە حافزی قورئانیش بوون. دروشمی (لاحکم إلا لله) لای ئەوان ئەوە بوو کە دەق چییان پێدەڵێت دەبێت هەر ئەوە بکەن و هیچ ئەملاو لاو لیکدانەوە و بەرژەوەندی سیاسی تێدا ڕەچاو ناکرێت. بۆیە بینیمان لەسەرەتادا عەلییان ناچار کرد کە داواکەی بەرەی موعاوییە پەسەند بکات و لەگەڵیان بدوێ، بەڵام پاش ئەوەی زانییان ئەوان واتە عەلی و موعاوییە، بە گوێرەی قسەی چەن کەسێک ڕێککەوتنیان کردووە، ئەمانیش واتە خەوارجەکان، بەرەنگاریان بوونەوە و وتیان کە دەبێت حوکمی خوا جێبەجێکرێت نەک حوکمی پیاو، دیارە مەبەستیان ڕێکەوتنی ئەو پیاوانە بووە، کە ڕێککەوتنیان ئەنجامداوە. ئەم گروپە سەرەتا عەلییان بە خەلیفەی شەرعی موسڵمانان پەسەند کردبوو، بەڵام بە بۆچوونی ئەوان دەبوایە بە گوێرەی ئایەتەکە هەنگاوی بنایە کە دەڵی ئەگەر ئەو کۆمەڵەی باغییە واتە سنوری خودای بەزاندووە، دەبێت ملکەچ بێتەوە بۆ ئەمری خەلیفەی موسڵمانان، نەک لەگەڵی ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت. واتە عەلی بە ڕێککەوتنی لەگەڵ موعاوییە لە ئەمری خودا لایداوە، ئیتر ئەوەبە گوێەرەی باوەڕی خەوارج، تاوانێکی گەورەی ئەنجامداوە، مانای وایە کافر بووە. ئیدی نەک هەر عەلی و شوێنکەوتووانی، بەڵکو موعاوییە و گشت بەنی ئومەیە لە عەقیدەی ئەواندا کافر بوون. لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیهانبینی ئەم گروپە چ ڕێگە خۆشکەرێ بوو، بۆ ئەوەی وەک خەوارج سەردەربهێنن.

خەسڵەتی دووەم کە وەک هۆکارێکی دەروونی دەبینرێتەوە و دەرکەوتەیەکی سیاسی لێدەکەوێتەوە، ئەوەیە کە ئەم گروپە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی باکوری دورگەی عەرەبی بوونە و پاش ئەوەش کە موسڵمان بوون و لەو ناوچەیەش دوورکەوتونەتەوە، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری کەلتووری و مێژووی ئەو ناوچەیە، مۆرکی خۆی لەسەر جێهێشتبوون. بە هەمانشێوە ئەو گروپەی وەک شیعە دەرکەوتن لە کاردانەوەیەی خەوارجەکاندا، سەر بە ناوچەی خوارووی دوورگەی عەرەبی بوون و ئەمانیش کەلتورو مێژووی تایبەتی خۆیان کاریگەری بەسەریانەوە جێهێشتبوو. ئەو کەلتوورەی کە خەوارج تیا چاوی کردبۆوە، هۆزەکانی ئەو بیابانە پیاوەکانی ئەو ناوە بە چاوێکی ڕیزەوە و لە ئاستێکی یەکسانیدا لە یەکتریان ڕوانیوە، جگە لەوەی کە شوێنەواری کۆمەڵگەیەکی نیمچە دیموکراتییان پێوە دیار بووە، وەک دەڵێن ئەم دۆخەش بۆ مێژوویەکی دووری ئێراق دەگەڕێتەوە. ئەم یەکسانبوونەی کەلەو کاتەدا پراکتیزە کراوە، بە هۆی ئینتیمابوونەوە بووە بۆ ئەو هۆزەی کە خوێنی لە هەر تاکێکی ئەو هۆزەدا بووبێت، مافی ئەو ڕێزگرتنەی وەرگرتووە. ئەم هۆزانە ماوەیەک لە پێش دەرکەوتنی پەیامبەر موحەمەد،

ئەم جــۆرە لێكدانەوە دونیاگەرییەیان بۆخۆیان و تاكەكانیا بــووە. بەڵام لە دەرەنجــامی ئەو قەیرانەی لەو كاتەدا هاتە ئــاراوە، ئەوان بێگومــان كەوتونەتە ژێــر كاریگەرییەكی سەختەوە و ئەو دۆخە نەستییەی كە لەوەو پێش تیایانـدا نیشـتبوو، لەم قەیرانەدا سەریهەڵدایەوە و گرینگیـدان بە كۆمەڵگەیەكی دینی لە بـری هۆزێـك لەسەر بنەمای خـوێن و خزمایەتی، بـۆ ئەوان چارەسەر بـوو. واتە لەبری ئەوەی كەسێك بە پیرۆز ڕاگــــرن و چارەسەری خۆیان لای ئەو كەسە تایبەتە ببینینەوە، وەك ئەوەی كە لە جیهـــانبینی شیعەكاندا دەبینرا، ئەمان كۆمەڵگەیەكیان بە پیرۆز دەبینی و دەرچــوون لەو كۆمەڵگەیە بە تاوان دادەنــرا. بۆیە لەبەرامبەر ئەوانـــدا شیعە ئاراستەیەكی تـــری هەڵبژارد، كە ئەویش وەك وتمـــان كاریگەری ئەو كەلتوورە بــووە كە لێیەوە هــاتوون. ئەم هۆزانەی كە ڕووی خۆیان بەرەو شیعەگەری بــرد، زووتــر لە ژێـر كاریگەری ئـایینی یەهودی و مەسیحیدا بـوون كە لەو ناوچەیەدا باڵا دەسـت بـوون. لە هەمانكات ژیاری كــۆنی ئەو ناوچەیە وەك نەریتێك كە لە ناویانــدا بــووە نزیكەی هەزار ســاڵی خایانــدووە. لەم ژیارەدا نەریتی پاشــایەكی خوداوەندانە یان نیمچە خوداوەندانە لەناویانــدا كارا بــووە. هەرچەنــدە عەرەبی سەدەی حەوت حـوكمی ئەو جـۆرە پاشـایەیان نەدیبوو، بەڵام دەشـێ لە نەسـتیاندا كاریگەری ئەو نەریتە خۆی شاردبێتەوە و لەو قەیرانەی كاتی عەلی و موعاوییەدا، جـارێكیتر لەناویانـدا وەك چارەسەرێك بـۆ ئەو كاتە سەریهەڵدابێتەوە. ئەمان جیـــا لە خەوارجەكان، لە بـــری ئەوەی چارەسەر لە كۆمەڵگەیەكـــدا ببیننەوە، لە كەسێكی تایبەتی وەك عەلیـــدا بینیانەوە، لەدیـــدی ئەوانـــدا پیرۆزییەكی خوداوەندانە، لە پەیامبەر موحەممەدەوە بـــــــــۆ ئەو واتە عەلی گوێزراوەتەوە، بۆیە لای ئەوان عەلی دەبێتە ئەو مرۆڤە مەعصومەی كە خوداوەندێتی لەودا پڕشنگی خۆی داوەتەوە.[2]

ئێمە لێرەدا هەنـدێ بە ناخی ئەو دوو گروپەدا چوینە ژوور و لە جیهـانبینی ئەوانمان ڕوانی و تێگەشتین، كە چۆن سایكۆلۆژیا و سیاسەت وابەستەی یەكترن و كاردانەوە و ڕەنگدانەوەی سیاسی بە بێ جیهانی ناوەوەی مـرۆڤ مەحاڵە بە درووستی بناسرێت. هەروەك گشـت مرۆڤـێ جیهـانبینی تایبەتی خـۆی دەبێت، هەرواش كۆمەڵگەیەك كە بە هەر هۆیەك بـوو بێـت لە شـوێنێكدا كۆببنەوە و یەك مێژوو و یەك كەلتوور بە یەكەوە بیانبەستێتەوە، كۆجیهـــانبینی خۆیان دەبێـــت و كاریگەری دەبێـــت لەسەر بڕیاردانی چارەنوسساز و سیاسەت و ڕەفتار و ڕەوتی ژیانیان.

زانایانی دەروونی و بگـرە فەلسەفەش ئیسـتە گەشتونەتە ئەوەی كە واقعـی ڕاستەقینە ئەگەر هەشبێت، لە هەڵسـوكەوتی مرۆڤـدا، بـوونی نابێت، چـونكی واقع ئەوەیە كە مـرۆڤ خـۆی دروسـتی دەكات و

2 W.Montgomery Watt, the Formative Period of Islamic Thought, Edinburgh, 1973.p.4-9.

پەیوەنــدی مــرۆڤ بە واقعەوە پەیوەندییەکی ناراستەوخۆیە. واتە مرۆڤەکان کاتێ مامەڵە لەتەک یەکتریــدا دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایە نییە کە ئەوە واقعە، بەڵکو لەسەر ئەو واقعەیە کە مــــــرۆڤ خــــــۆی خوڵقاندوویەتی. لێرەدا نامەوێت زۆر لەسەر ئەو بابەتە بڕۆم چونکە لە ئامانجەکەمان دوورمان دەخاتەوە، بەڵام خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لە هەفتەنامەی چاودێر بەناوی (فەلسەفەی زانست و کرانەوە بەسەر مرۆڤدا) بڵاوکراوەتەوە، بیخوێنێتەوە.[3]

ئەوەی لە بەشەکانی پێشوو دەرکمان پێکرد، وەڵامێکی ئەو پرسیارە بوو: بۆ کۆمەڵێ کەس پێکەوەن و بۆ ئامـانجێ لەشـکرێکیان پێکەوە ناوە و یەک عەقیـدەی ئـایینی و یەک ڕەگەزی نەتەوەیی کۆیکردونەتەوە، کەچی لە بەرامبەر ڕووداوێکـــدا، دوو کاردانەوەی جیـــاواز دەردەخەن! زانیمان نەستی ئەو دوو گروپە (خەوارج و شیعە) کاریگەری مەزنی بەسەر ئەو دوو دەرکەوتنە جیـــاوازەدا بـــووە، کە بەنـــدە وەک گۆشەنیگایەکی ســایکۆپۆلیتکی دەیخوێنێتەوە. واتە ئەو گۆشەنیگایەمان بــۆ ئاشــکرا دەبێــت کە چــۆن ســایکۆلۆژیا و سیاسەت، لە دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتیـدا پێکەوە بەنـد دەبـن، چۆن مـرۆڤ جیهـانبینی خۆی دەکاتە واقع و هەقیقەت و بەسەر ئەوانیتردا دەیسەپێنێت.

ئیستە دێینەوە بۆلای ئەوەی کە جیهانبینی خەوارج چۆن، واقعێکی لەناو خۆیدا خوڵقاند و چۆنیش ئیمان و ئەخلاقی کەســـانیتری پێـــدەپێوا، بەڵام تا چەنیش ئەمانە هەقیان لابــوو ئەوەش گرینگە بخرێتە ڕوو. جیهـانی ناوەوەی خەوارج، سێگۆشەیەکی لە دیـدی ئەوانـدا خوڵقانـد و خۆیانیـان لەسەر ڕام دەکـرد و غەیری خۆشیان پێدەپێوا، ئەوانیش وەک لە پێشەوە ئاماژەمان دایە، "تەکفیر، هیجرەت و حاکمییەت" بـوون. مەبەستمە بڵێم کە دۆخی ناخی مـرۆڤ کە لە نەستیا ئەزموونی تایبەتی هەڵگرتووە، ئەم ئەزموونە باوەڕێکی تایبەتیشی بۆ دادەمەزرێنێ و بەهای خۆی لەسەر ئەو ئەزموون و باوەڕە، هەڵدەهێنجێنێ.

ئەوەتا بینیمان کە خەوارج هەر لەسەرەتاوە بە حاکمییەت دەستیپێکرد، واتە پەیوەنـدی مـرۆڤ و خـودا، پەیوەندییەکی ملکەچانەی مرۆڤە بــۆ خــودا، بەڵام بەو شێوازە تایبەتەی کە خۆیان دەیــبینن، نەك وەك ئەوەی کە موســـــــڵمانانیتر لێیتێدەگەن. بۆیە خەوارج بـــــــڕوای وا بـــــــوو کە عەلی و موعاوییە و شوێنکەوتووەکانیان، لە حاکمییەتی خودا لایانداوە، چونکی ئەوان باوەڕیان وابـوو کە حاکمییەت تەنها بـۆ خودایە و بۆهیچ کەس دی نییە. حاکمییەتی خوداش تەنها لە قورئـان و شـوێنکەوتنی پەیامبەر موحەمـد، بەرجەستە دەبێـــت، لادان لەو حوکمە، لای ئەوان دەبێتە کــوفر و هەر کۆمەڵگە و نەتەوە و دەوڵەتێك

[3] ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم ئەو بابەتە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ یان سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ بڵاوکروەتەوە.

ئەوە جێبەجێنەکات، ئەوانە کافرن و دەبێ حـــــوکمی شەرعی بەسەریاندا جێبەجێکرێت. ئەگەر لە هەر شوێنێك حوکمی خودای تێدا نەبێت، ئیتر دەبێت ئەو مرۆڤە (خەوارج یان داعش) بەرەو شـووێنێکیتر کۆچ بکات کە دەتوانێ لەو شوێنەدا حوکمی خودا بچەسپێنێت، ئەم باوەڕە بە ئاشـکرا بە دیـدی داعـش و گشت گروپە توندڕەوەکانی ئیسلامەوە دەردەکەوێت.  ئیدی خەوارج لەسەر ئەم جیهـانبینی و دیتنەی خۆیانەوە عەقیدەی خۆیان لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراند کە بەلای ئەوانەوە، راستترین و دروسترین عەقیـدەی ئـایینی ئیسـلامە. پێـش ئەوەی عەقیـدەی خەوارج بخەمەڕوو، سەرەتا بە باشی دەزانم ئەوە ڕوونکەمەوە بۆ ئەم گروپە ناوی خەوارجی بەسەردا براوەتەوە.

## ناونانی خەوارج

تائێستە ئێمە توانیمان لە ناوەرۆکی خەوراج تێبگەیەن، ئێستە دەمانەوێ بزانین بـۆ ئەم گروپە لە مێـژووی ئیسلامدا ناوی خەوارجیان بەسەردا بڕایەوە، ئەم ناوە لە کوێوە هاتووە و کێ بەم شێوەیە ناوی لێناون؟ یەکێک لەو هۆکارانەی کە ئەو ناوەیان پێوەرگرتـووە، ئەوەیە خەوارج بەو کەسـانە وتـراوە لە سەرەتادا لە بەرەی عەلی بوون پاشان هاتوونەتە دەرێ یان ئەوە بـووە کە دژی عەلی هەستاون کە بە عەرەبی پێیـان وتـــراوە (خرجـــو علی عەلی) و بوونەتە ڕکابەری سەرسەختی ئەو. هەروەها ئەو ناوەش لەوێوە بۆیان ماوەتەوە کە ئەوان لە نێوەندی کافرەکان دێنە دەرەوە و بەرەو خودا و پەیامبەرەکەی کـۆچ دەکەن، واتە هەرچی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ بێباوەڕەکان -لە دیـــــــــــدی ئەوانەوە-  هەیانبووبێت، پچڕاندوویانە. هەنێجار ئەو ناوەیان لەوەشەوە وەگرتـووە کە دەرچـوون بـۆ جیهـاد و لەبەرامبەر ئەوانەدا گوتراوەتەوە  کە بە دانیشـتوو ناسراون واتە ( مجاهـدون و قاعـدون) بە هـۆی سەرهەڵدانی خەوارجەوە، جیابۆتەوە. ئەم گروپە هەر تەنها ناوی خەوارجیان وەرنەگرتووە، بەڵکو ناوی تـــری وەک (حروریـــة، شراة، مارقـة و محکمـة) شیان بەسەردا براوەتەوە. لێرەدا بە گرینگی نازانم لەو بارەوە درێـژە بە باسەکە بدەم.

کەواتە ئەوانەی دەیانەوێ داعـش بە خەوارج بچـوێنن، بۆئەوەی لە ئیسـلام بیانکەنە دەرەوە، بەهەڵەدا چـوون، چـونکی دینـداری خەوارجەکان و پابەنـدبوونیان بە ئیسـلامەوە، هەرگیز چاوپۆشی لێنـاکرێت. خارجێتی ئەوان بۆ جیهادکردن بووە و پەرۆشی ئەوان بۆ فەرمانی خودا بـووە، واتە دەرچـوون لە ئیسـلام نەبووە، بەڵکو دەرچوون لە پێناوی ئیسـلام بـووە. لەم ڕووەوە داعـش و خەوارج زۆر لەیەکـدی دەچـن

که کۆمەڵگە کافر دەکەن، ئەوجا لەوکۆمەڵگەیە دێنەدەرێ و کـــۆچ دەکەن، تا حـــوکمی خـــودا بە هەر نرخێک بووە بچەسپێنن.

## عەقیدەی خەوارج[4]

لە کـۆی ئەزموونی پێش ئیسـلام و پـاش ئیسـلام، دەرئەنجـامی ئەو دۆخەی لە نەستی گروپـی خەوارج جێگەی خـۆی کردبـۆوە، ئەو سـتراتیژەی کە گرتیانە بەر بـۆ ئەوەی ئامـانجی خۆیان وەدیبهێنن، گروپـی خەوارجەکان بە گشتی و لە مێـــژووی ئەوانـــدا، لە چوارچێـــوەی عەقیدەیەکی تایبەتا ناسرانەوە کە لەم بەشەدا بە کـورتی تیشـــکی دەخەینە سەر. ئەوەی کە گرینگە لێـــرەدا بـــوترێت ئەوەیە کە خەوراج لە مێژووی ئیسلامدا، یەک گروپی سەرتاسەری نەبوون، بەڵکو گروپی جیـاواز بـوون و زیاد لە بیسـت گروپ لە مێژووی ئیسـلامدا دەرکەوتوونە، کە لە هەنـدێ بیروبۆچوونـدا لە یەکـدی جیـاوازبوون، بەڵام چوارچێوەیەکی گشتی هەموویانی کۆکردۆتەوە. ئەوەی کە لەسەرەتاوە ئاماژەماندایە، دەسنیشـــــانکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی خەوراج بـــوو، پـــاش ئەوەی کە یەکەم گروپـــی خەوراج لەسەردەمی عەلی و موعاوییەدا پەیـــدابووە، ئیـــدی بەدوای ئەو گروپەدا بە درێژایی مێـــژووی ئیســـلام گروپەکانی دیـــش سەریانهەڵداوە. بەناوبانگترینی ئەو گروپانە، گروپـــی ئەزرەقی و نەجـــدەتی بـــوون. بە شێوەیەکی گشتی هەموو گروپەکان لەسەر ئەم چەن خاڵەی خوارەوە، سەبارەت بە عەقیدەی خۆیان، یەکدەنگ بوو:

١- هەمووان لەسەر ئەوە یەکدەنگبوون، کە بوونی ئیمام زەروورییە، تەنها گروپی نە جـدەتی نەبێت. ئەم گروپە باوەڕی وابـووە ژیان بە پێـی بنەماکانی قورئـان بەسە بـۆ ئەوەی کۆمەڵگە پـارێزراو بێـت. ئەم بۆچوونە ئەو یەکسـانییە لەناو هـۆزە عەرەبەکانـدا بـووە دەخاتەوە یادمـان، کە هەر پیاوێـک مـافی ئەوەی بووە ڕاوبۆچـوونی خـۆی لە ناو هۆزەکەیـدا دەربـبڕێت، هەروەک لە پێشەوە تیشـکێکمان خستە سەر.[5] کەواتە بە گشتی گوێڕایەڵی بـۆ ئیمامێك لای خەوارج بایەخی زۆری بـووە، بەڵام لەهەمان کات جیا لە گروپە موسڵمانەکانیتر، بوونی ئیمام لە ڕەچەڵکی قورەیشی بە زەروری نەزانیوە. چونکی بە گوێرەی باوەڕی ئەوان، لە قورئاندا ئەوە نەهاتووە کە چ نەوە و ڕەچەڵەکێک دەبێـت فەرماڕەوایی

---

[4] علی عبدالفتاح المغربی، الفرق الكلامية الأسلامية، مدخل و دراسة، القهرة، پ.١٧٢-

[5] W.Montgomery Watt, the Formative Period of Islamic Thought, Edinburgh, 1973.p.24.

بکات، بەڵکو تەنها ئەوە هـاتووە کە دەبێـت دادپەروەر بێـت، وەک ئەم ئایەتە دەڵێـت:" إذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل". لای هەندێکیان ئیمام هێندە گرینگ بووە کە چاکی ئەو چاکی ئوممەت بێت و خراپی ئەویش هەر خراپی ئوممەتێك بێت، لای هەنـدێکیان گەشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە ئەگەر ئیمام کوفر بکات مانای وایە گەلەکەیشـی کـوفری کـردووە. واتە ئەم بۆچوونەیان وایلێکـردوون، تا بڵێـن؛ ئەرکی سەرشـــــــانی ئەو گەلەیە کە ئیمامەکەیان راســــــتبکەنەوە، چونکە چارەنووسی هەردوکیان پێکەوە بەستراوەنەتەوە. مەرجەکانی تری ئیمامەت کە هەموو گروپەکان تیایدا یەکـدەنگن، ئەوەیە کە دەبێت ئیمام پیاو بێت، زانا بێت بە کاروباری ئایین و دادپەروەر بێت. هەمووشیان کۆدەنگیان لەسەر ئەوە هەیە کە دەبێت ئیمامی ستەمکار بە زەبـری شمشـێر لابـبرێت، شـۆرش کردن بەسەر ئیمامی ستەمکار بە واجـب دەزانن. هەر ئەوانیش بوون کە عوسمانی کوڕی عەففانیان کوشـت و پاشـانیش شـانازییان بەو کارەیانەوە کردووە. تەنانەت هەڕەشەشیان لە عەلی کردووە کە ئەگەر حـوکمی خـوا نەچەسپێنێت، ئەوا چارەنووسی ئەویش وەک چارەنووسی عوسـمان دەبێت. لەم خاڵەدا داعش لە خەوارج نزیکبۆتەوە، چونکی باوەڕی داعـش وایە کە حاکمەکانی ولاتانی ئیسـلام بە گشتی لە بنەماکانی ئیسـلام لایانـداوە و دەبێـت جەنگ دژیان ئەنجام بـــدرێت. ئەمە جگە لەوەی لە دیـــدی ئەوانەوە حاکمانی وڵاتانی ئیســـلام هەموو خۆیان خستۆتە باوەشی ئەمەریکا و ڕۆژئاواو زایۆنیزمی جیهانییەوە، کە لە چاوی ئەواندا بۆتە هۆی سوک ڕیسوا کردنی موسڵمانان.

٢- بۆچوونیـان سەبارەت بە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب وابـووە کە ئەو کافر بـووە. چـونکی ئەو ڕێکەوتنی لەگەڵ موعاوییە ئەنجامــداوە. بە بۆچـــوونی ئەوان دەبوایە عەلی، موعاوییەی بــۆ گوێڕایەلی بانگهێشـــت بکردایە، نەک لەگەڵی ڕێککەوتایە. چونکی بە بۆچوونی ئەوان، موعاوییە باغی بووە.

٣- هەموو گروپەکانی خەوارج باوەڕیان وایە ئەوەی گوناهی گەورە ئەنجام بــدات، کافر دەبێــت، تەنها نەجدەتییەکان نەبێت کە باوەڕیان وابـــووە گوناحی گەورە، موســـڵمان کافر ناکات. ئەوانیتر بۆیە گوناحی گەورە بە کوفر دەزانن، چونکی کردار لایان پایەی باوەڕە و باوەڕیش گرێبەستێکە، واتە کردار پایەیەکی گرینگـــی ئەو گرێبەستەیە، هەر کەسێکیش پابەنـــدی هەموو مەرجەکانی ئەو گرێبەستە نەبێت، ئەوە گرێبەستەکەی هەڵوەشـــاندۆتەوە. دروشمـــی ئەوان وابـــووە کە: *باوەڕ لە دڵەوە دێـــت، بە زمـــان بڕیار دەدرێـت و پایەکانی بە کردەوە جێبەجێـدەکرێت*. ئەم بۆچوونەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دۆخە نەستییەی دەرەنجامی ئەزموونی گـوێگرتن و هاوسـۆزی بۆ هـۆز و تیرەکانیـان تیایانـدا نیشـتبوو. واتە ئەمان لەبری

ئەوەی مرۆڤێک لایان پیرۆز بێت و مەعسوم بکرێت، لای ئەمان کۆمەڵ دەبێت مەعسوم بێت و پیرۆز بکرێت. بەڵام بە هۆی ئەزموونی پاش موسڵمان بوونیان، ئەم گروپە لەبری خوێن و هۆز و تیرە، لەسەر عەقیدەیەکی ئایینی خۆیان ڕێکدەخەنەوە. هەرکەسێکیش بە گوناهی گەورە ئەو کۆمەڵە عەیبدار بکات، دەبێت بکرێتە دەرەوەی کۆمەڵ و کافر بکرێت، تا پیرۆزی ئەو کۆمەڵە بپارێزرێت.

٤- خەوارج بە گشتی باوەڕیان وا بووە کە قورئان دروستکراوی خودایە و سیفاتێکی زاتی خودا نییە. واتە خەوارج لە پێش موعتەزیلەوە ئەم جۆرە باوەڕەی دامەزراندووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خەوارج هەروا گروپێکی هەرەمەکی نەبوونە و ئاستێکی باشیان لە بیرکردنەوە و ئەقڵگەراییدا بووە. ئەگین مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێ بگاتە ئەوەی کە قورئان دروستکراوە واتە مەخلوقێکی خودایە یان سیفاتێکی زاتی خودا بێت. ئەم بۆچوونە ململانییەکی سەختی خستە نێوان موعتەزیلە و ئەشعەرییەکانەوە، کە دواجار بە هۆی دەسەڵاتی سیاسی خەلیفەکانەوە، عەقیدەی ئەشعەری سەپێنراو بووە عەقیدەیەکی باوی موسڵمانان.

تەنها لە خاڵی یەکەم نەبێت، نابینین داعش لە گەڵ خەوارجدا یەکبگرێتەوە، هەرگیز داعش نەیتوانیوە عەلی کافر بکا، دەمیش ناخاتە سەر گوناحی گەورە و گچکە، هێندەی بە خەلافەت و ئیمامەتەوە خەریکە و دژی مورتەد و حاکمەکانی وڵاتانی ئیسلام و دژی بە ئەمریکاو رۆژئاوا وەستاون، هێندە شتیتری سەردەمی خەوارج و موعتەزیلە و ئەشعەری خەریکی نەکردوون. دەبینین هێندەی خەمی دەسەڵات و خەلافەت سەرقاڵی کردوون، هێندە فکر و فەلسەفەیەک داگیری نەکردوون، بۆیە پتر وەک ڕێکخراوێکی سیاسی دێنە بەرچاو، زیاتر لەوەی کە گروپێکی کەلامی بن. دیسانەوە ئەمەش پەیوەندی بە هەل و مەرج و دۆخی سیاسی ئیمڕۆکەی ئەو وڵاتانەوە بەستراوەتەوە کە ململانێی دەسەڵاتی سیاسیان لەتەک یەکتریدا هەیە، زیاتر لەوەی کە ململانییەکی فکریان لەتەک یەکدیدا هەبێت.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی گروپەکانی خەوارج لەسەر ئەو ٤ خاڵە کۆک بوون، وەلێ دەگێڕنەوە کە ئەزرەقییەکان زۆر توندڕەو بوون. ڕای پێچەوانەی ڕای خۆیان هەرگیز پەسەند نەکردووە. کوشتنی ژن و منداڵی موخالیفی خۆیان بە حەڵاڵ زانیوە. تەنانەت لەگەڵ خۆشیاندا توندڕەو بوون و هەرگیز توقیەیان لە گوتارو گفتاریاندا پەسەند نەکردووە. دەبوایە ئەو کەسە باوەڕی بە چی بوو بێت، هەر ئەوەی دەرخستبێت، ئەگەر ڕووبەڕووی مەرگیش بوایەتەوە. واتە بەهیچ شێوەیەک موراعاتی بارودۆخ و کات و شوێنیان نەکردووە و باوەڕیان بە چی بووە، ئەوەیان گوتووە. هەروەها یەکێک لەو گروپانە بە ناوی یەزیدیە، باوەڕیان وابووە کە خودا لە ناو عەجەمدا پەیامبەرێک دەنێرێت و کتێبی پیرۆزی خۆی بە

یەکجار بۆ دادەبەزێنێت. ئەم کەسە دەسبەرداری شەریعەتی موحەدمەدی دەبێت و شەریعەتێکی دی هەڵدەبژێرێت. کەواتە داعشی ئیمڕۆکە لە گەڵ گروپی تونڕەوی ئەزرەقی سەبارەت بە کوشتنی نەیارەکانی خۆیان، لە یەکەوە نزیکتر بوون .

بەهەرحاڵ من لێرەدا ئیدی دەوەستم لە باسی خەوارج، چونکە وردەکاری زۆری دەوێ و زۆر شت هەیە کە لێرەدا نەوتراوە، دەبێت بوترێت. ئەوەی لێرەدا بە گرینگم زانی، هێڵی گشتی بیروبۆچون و مێژووی سەرهەڵدان و هۆکارەکانی دەرکەوتنی خەوارج بە کورتی بخەمە ڕوو. لێرە بەدواوە، دەگەڕێینەوە لای خۆمان و چاوێک بە داعشدا دەگێڕینەوە و هەوڵدەدەین چمکێکی ئەم بزوتنەوەیە وەک دیاردەیەک بناسێنین. هەوڵیش دەدەین زیاتر بزانین کە داعش لە کوێ لە خەوارج دەچن و لە چیدا لەوان جیا دەبنەوە.

## بەشی سێیەم

## داعش و توندڕەوی

لە سەدەی حەوتی زایینییەوە بەرەو سەدەی بیستویەک واتە لەو سەردەمەوە کە خەوارج تیایـــــــــدا دەرکەوت، بۆ ئەو سەردەمەی کە داعش تیایدا دەردەکەوێت، دەگەڕێینەوە. داعش وشەیەکە دەیبینین، وشەیەك کە تـوێژێکی سەرەوەیە، بەڵام ناوەڕۆکێکی قـووڵی لە خۆیـدا هەڵگرتووە. داعـش ئێمە ئێمـڕۆ دەیـبینین، وەلێ دەمێکە بەڕێوەیە، داعـش وەک ئەو ئەستێرەیە دێتە پێش چاوم کە تیشـکەکەی تازە دەگاتە لای ئێمە، وەلێ هەزاران ساڵی تیشکی بەڕێوەبووە تا گەشتۆتە ئێرە، کە ڕەنگە ئەستێرەکە خۆی مردبێـت، وەلێ تیشـکەکەی وای بە ئێمە نیشـاندەدات، یان ئێمە وایـدەبینین کە ئەوە هەر ئەستێرەکە خۆی بێت، نەک تیشکەکەی بێت. نزیکەی سەدەیەک دەبێـت کە جارێکیتر بانگەشەکردن بـۆ ئیسـلام وەک چــۆن لەدەمی سەرهەڵدانی یەکەمییەوە کـرا، هەڵەیەکی مەنهەجی مەزن بــوو لەلایەن بیرمەنــد و باگخواز و بزافە ئیسلامییەکانەوە ڕوویدا. ئەو بانگەشە کردنە بۆ ئیسلام لە نیوەی ڕێگەدا دوو ئاڕاستەی لێجیـا بوویەوە، ئەوانیش ئیسـلامی سیاسی و ئیسـلامی جیهـادی بـوون. پـرۆژەی هەردووکیان ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەرەسـهێناندایە، کە ڕەنگە پـاش هەرەسی تەواو، پـاش بە خۆداچوونەوەی قـوڵ، ئیـتر جیهـانی ئیسلامی هۆشیاربوونەوەیەکی قووڵی تێدا بە دیبێت.

بۆیە بە باشی دەزانم هەندێک بەو مێژووەدا بچینەوە، تا لەو تێبگەین کە چۆن فکری جیهادی و فکری سیاسی ئیســـلامی لە سەرچاوەیەکەوە هــاتوون، کە ئەویش ئیســـلام خۆیەتی، هەم وەک تێکســـت و هەمیش وەک مێژوو وەک ئەوەی کە لەبەردەستماندایە. لەگەڵ ئەو خوێندنەوەیەی کە دەرەنجـامی شـۆکی سەردەمی مۆدێرنە، لە جیهـــانی ئیســـلامی ڕوویـــدا، لەسەر ئەوەی کە ئێمڕۆکە لە جیهـــانی ئیســـلامدا، ڕوودەدات، کاریگەری تایبەتی خـۆی بەسەر ئەم بزاڤانەوە بـووە. دەمەوێ خوێنەری بەڕێز لەوە ئاگـادار بکەمەوە، مەبەستی من لێرەدا گەڕانەوە بۆ مێژووی ١٤٠٠ ساڵی ئیسلام و موسڵمانان نییە، هەرچەنـدە ئەو مێژووەش پەیوەندی بە داعشـی هەنووکە وە هەیە، وەلێ مەبەستمە بگەرێمەوە بـۆ مێژوویەکی سەد ساڵە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە و مێژوویەکی تایبەتە، کە داعشی ئێمڕۆکە تیایدا گەڵاڵەی کردووە.

واتە سەدەیەک لەمەوبەر مەبەستم ئەوکاتەیە کە تیایـــدا جیهـــانی ئیســـلامی بەرەوڕووی کۆڵۆنیالیســـم دەبێتەوە، لە هەمان کات خەلافەتی ئیسـلامیش کە لە سـوڵتانەکانی عوسـمانیدا خـۆی دەبینییەوە، کۆتایی پێـدەهێنرێ. خەلافەتی ئیسـلامی کە وەک ئایدیۆلۆژیایەك گـوزارش بـوو لە یەکێتی جیهـانی ئیسـلامی و هــاتنی بێگانەیەکی وەک ڕۆژئــاوا بە هەموو قورســـایی خـــۆی و گشـــت نوێکارییە فکــری، زانستی، فەلسەفی، سیاسی و ئەخلاقیەکانییەوە، جیهـانی ئیسـلامی هەژانـد. بێگومـان ئەم هەژاندنە حەپەسانیشـی

لەگەڵدا بووە، پرسیار و گومانیشی لێکەوتۆتەوە، کاردانەوەیەکی تایبەتی و جیاوازیشی بە شوێن خۆیدا هێناوەتەوە. جیهانێکی ئیسلامی کە نزیکەی دە سەدە وەک ژیارێک بە هەموو جوانی و ناشرینییەکانییەوە باڵا دەست بووبێت، نزیکەی چەند سەدەیەکیش لە کۆتاییەکەیدا لە چاو گەل و نەتەوە و ژیارییە نوێکانی تردا دواکەوتبێت، بێگومان ئەم دۆخە هەم بارێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەمیش دەروونی لە جیهانی ئیسلامدا دەخوڵقێنێت. ئەوەی کە دەیبینم لە کاردانەوەی ئەو شکستە گەورەی ژیاری ئیسلامیدا، چەن ئاڕاستەیەك بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو هەژان و شکستانە خۆیان ئاشکراکرد، ئەوانیش: ئاڕاستەی نەتەوەگەری، ئایینگەری و چەپگەری بوون.

یەکێک لەو ئاڕاستە سەرەکییانە بۆ هەڵسانەوە و بەرەوڕووبوونەوەی تەوژمی فکری و ئەخلاقی و زانستی ڕۆژئاوا، ئاڕاستەیەکی ئایینگەری (ئیسلامی) بووە و کاریگەرییەکی مەزنی لە وروژاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بووە و تا ئێستەش ئەو کاریگەرییە هەر بەردەوامە. هەرچی وردە ئاڕاستە و باڵ و گرووپە دەتوانین لەو چەن ئاڕاستەیەدا جێگەیان بۆ بکەینەوە، بۆیە لێرەدا بە گرینگی نازانم تا ئاماژەیان بۆ بکەین. بۆ ئێمە ئەوەی لێرەدا گرینگ بێت، تەنها ئەوەیە کە بیری خۆمان لە سەر ئاڕاستەی ئایینی چڕ بکەینەوە، چونکە دەبێتە ئەو ڕیشەیەی ئیمڕۆکە داعش خۆراکی خۆی لێوەردەگرێت، ئەگەر چی ئەو ئاڕاستانەی تریش بە بارێکیتردا و شکستهێنانیان لە چارەسەرکردنی قەیرانی جیهانی ئیسلامیدا، بۆ دەرکەوتنی داعشی ئیمڕۆکە، دەبنە بیانوویەکی زۆر گرینگ و هۆکاری پتەو لە چەکەرەکردن و بەرگرتن و دەرکەوتندا. لێرەوە هەندێک بە ناخی داعشدا دەچینە خوارێ کە مێژوویەکی پێش دەرکەوتنی ئەم داعشە، ئەزموونێکی تایبەت و خەیاڵدانێکی مەترسیداری تێدا ناشتووە. ئێستە با لە داعشەوە هێدی هێدی بەو پاشخانەدا سەرکەوین کە ئەو کاردانەوە ئایینەی سەدەیەک لەمەوبەری بەرهەمهێناوە و لەسەر ئەو ڕیشەیە داعش ڕوواوە. ئەوەش بە گرینگ دەزانم بیلێم کە ئەم بۆچوونە مانای ئەوە نییە ئێمە ئەو بیرمەند و بزاڤە ئیسلامیانە تاوانبار دەکەین، نا ؛ هەرگیز ئەوە مەبەستی من نییە لێرەدا، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە پەیوەندییەکی مێژوویی لەوەدا بدۆزینەوە، چۆن مرۆڤ بە پرۆسەیەکی سایکۆلۆژی، خوێندنەوەیەکی تایبەت دەکات و بەرەو ئاراستەیەک دەڕوات کە ڕەنگە خاوەن فکرەکە خۆی ئەو مەبەستەی نەبووبێت. دەڵێن جاری کارڵ مارکس خۆی لە کۆنفراسێکی حیزبی شیوعی ئەڵمانی ئامادە دەبێت، لە کۆتاییدا بەخۆی دەڵێت ئێستە دەزانم کە منی مارکس خۆم مارکسی نیم. ڕەنگە ئێستە پەیامبەر موحەمەد و حەسەن بەننا و سەعید نورسی و ئەبوعەلای مەودودی و زۆرێک لەو بیرمەندانەی پێش ئەمان و پاش ئەمانیش، سەیرێکی ئیمڕۆی جیهانی ئیسلامی بکەن و لە ڕەفتاری ئیسلامی سیاسی، سەلەفی و جیهادی ئیمڕۆکە بڕوانن،

حاشــایان لێبکەن و هەمان وتەکەی مــارکس بەخۆیان بڵێنەوە. ئێمە وتمــان لەم بابەتەدا تەنها خۆمــان بە داعشەوە خەریک دەکەین، بۆیە چوونەوە بە مێژووی پێش داعشـدا، دیاردەی داعـش بە ئێمە باشـتر دەناسێنێت.

## داعش لە مێژووی خۆیدا

داعش (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام) لە مانگی چواری ساڵی ٢٠١٣ دامەزرا. لەو ساتەوە ئیدی ئەم کائینە ڕووی خۆی نیشانی ئێمەدا. بەڵام پێشتر ئەم ڕێکخراوە لە ڕێکخراوێکیـترەوە بەناوی (دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق) سەری دەرهێناوە. مۆرکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخـراوە، مۆرکێکی سەلەفی جیهادییە، کە داوای گێڕانەوەی خەلافەتی ئیسلامی و لەناوبردنی گشـت دیاردە و ڕەفتارێکی نائیسـلامی دەکات و گۆڕەپانی کارەکانی لە سنوری عێراق و سوریادا دیاریکردووە. واتە ڕیشەی ئەم ڕێکخـراوە لەو ساڵەی (٢٠١٣) کە خۆی تیادا ئاشکرا دەکات کۆنترە، ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٤، ئەو ساڵەی کە ئەبو موسـعەبی زەرقـاوی ڕێکخـرواى (کۆمەڵەی جیهـاد و تەوحیـد) ی تێـدا دامەزرانـد. ئەم ڕێکخـراوەی زەرقـاوی موبایەعەی ئوسـامە بـن لادنی ڕابەری ڕێکخـراوی ئەلقاعیدەشی کـردووە، هەر لەبەرئەوەشە کە ناوەکەی لە کۆمەلەی جیهـاد و تەوحیـدەوە بۆ ڕێکخـراوی (القاعـدة فی بلاد الرافـدین) دەگۆڕێت. ئەم ڕێکخـراوە لە کاتی خۆیـدا بەتایبەتی هەر بۆ بە گژاچوونەوەی ئەمەریکییەکان لە عێراقـدا دامەزرابوو. ئەم ناونانە و ئەم بەرەنگاربوونەوەیەی ئەم ڕێکخــراوە، بە گشتی بــووە هــۆی سەرنج ڕاکێشانی لاوانی موسڵمان، هەم لە جیهانی ئیسلامی و هەمیش لە جیهـانی ئەوروپیـدا. پـاش لە ناوچوونی زەرقـاوی سـاڵی ٢٠٠٦، ئەم ڕێکخـراوە ناوی گـۆڕا بـۆ دەولەتی ئیسـلام لە عێراق، بە ڕابەرایەتی ئەبو عومەری بەغـدادی. سـاڵی ٢٠١٠ ئەبو عومەر دەکـوژرێت، ئەبو بەکری بەغـدادی دەبێتە ڕابەری ڕێکخراوەکە و هەر بە ڕابەری دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی خەلافەتیش ڕادەگەیەنێت. واتە لە ئەمیری کۆمەڵێکەوە خـۆی دەکات بە خەلیفەی هەموو موسـڵمانان و بەمەش سەرنجی گشـت جیهـانی ئیسـلامی بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـێت و زۆرێـک لە گروپە سەلەفی و جیهادییەکانی دنیـا بەیعەتی دەدەنێ. گرینگە پەیوەندییەکی دەروونی و کەلتووری ئەم گروپە و بەغدادی بدۆزینەوە و بزانین چۆن ئەم کەسە گەشتە هەم ئەم باوەڕە و هەمیش خــۆی گەیانــدە ئەم پایەیە و لەهەمانکات ئایدیۆلۆژیایەکی لەو چەشنەی خوڵقانــد. زۆر بە کــورتی لە کەســێتی بەغــدادی خۆیەوە دەستپێدەکەین و هەنگاو بە هەنگاو بەرەو مێژووی بەر لەم گروپە توندڕەوانە دەگەڕێینەوە و سەردانێکی کورتی ئەو بزاڤە ئیسـلامیانەش دەکەین و

له پاشــخانی فکــری ئەوانیش دەڕوانین کە دەکـرێ وەک هۆکارێ بیخوێنینەوە بـۆ گەشەکردنی فکــری جیهادی و گێڕانەوە خەلافەت.

## ئەبوبەکری بەغدادی کێیە؟

بەغدای ساڵی ١٩٧١ لە سامەڕا هاتۆتە دنیاوە، دەرچووی زانکـۆی ئیسـلامیی بەغدایە و بەکالیۆریۆس، ماستەر و دکتــــۆرای هەر لەو زانکۆیەدا بەدەستهێناوە. ماوەیەکی باش وەک مامۆستا و بانگخواز لەو دەڤەرەدا کاری کردووە. لە خێزانێکەوە هـاتووە کە هەڵگری عەقیـدەی سەلەفی تەکفیری بـووە و باوکی و مامەکانیشـی هەر لەسەر ئەو عەقیدەیە کاریان کـردووە. بەغـدادی لە هەردوو پارێزگـای دیالە و سـامەرا، کەسێکی سەلەفی جیهادی دیار و کاریگەر بووە. پێش ئەوەی بگاتە ئەوەی ببێتە ڕابەی داعش، ئەو لەو ناوچەیەی خۆیدا چەن شانەیەکی جیهادی و قتالی دامەزرانـدووە، چەنـدین عەمەلیاتی عەسـکەری ئەنجام داوە و دواهەمینیان دامەزراندنی ڕێکخراوێک بووە بەناوی (لەشکری ئەهلی سـوننە و جەماعە). پـاش ئەوەی بەغدادی دەبێتە ڕابەری داعش، ئەوە ڕادەگەیەنێت کە سنور لە نیوان سـوریا و عێـراق نەمێنێت و موســڵمانانی بــۆ دەولەتی خەلافەت بانگهێشــت کـرد. بەغــدادی دەبێتە هەڵگری ناخێـک و گرتنی ئەزموونێک کە لە پێناو گێڕانەوەی خەلافەت و ڕازیکردنی خودا وەک خۆی باوەڕی پێیەتی، دەســت لە هیچ شتێک نەپارێزێت. ئەم ئەزموون و پێکهاتە دەروونییە، زەمینەیەک بە ئاسـانی تونـدڕەوی و خـوێن ڕشـتن و جیهـادی تا ئەو پەڕی ڕەقی و پـڕ لە ڕق تیایـدا بڕوێـت. ئەگەر ئەمە زەمینەکەی بێـت، ئەی توندڕەوی و خوێن ڕشتن و سەربڕین لە لایەن کێوە تیایدا نێژراوە؟

ئێمە وتمــان بەغــدادی و زەرقــاوی پەیوەنــدییان پێکەوە هەبووە. زەرقــاوی جگە لەوەی کە لە ڕووی جیهادییەوە خۆی بە شوێنکەوتوی بن لادن زانیوە، بەڵام کەوتۆتە ژێـر کاریگەری شـێخێکیترەوە بەناوی ئەبی عەبــدوللای موهــاجری میسرییەوە. ئەم شـێخە فیقهێکــی خوێنــاوی لە بەرامبەر نەیارەکانیــدا هەڵبژاردووە. کتێـبێکی بەناوی (مســائل فی فقــە الجهـاد) کە بە فیقهـی خـوێن ناسراوە، نووسیوە. ئەم کەسایەتییە یەکێک بـووە لە گرینگترین شـێخەکانی زەرقـاوی و هەر لای ئەویش زەرقاوی خوێندویەتی. زەرقــاوی ڕێبــازی جیهــادی خــۆی لەسەر ئەو فیقهە خوێناوییە دامەزرانــدووە و پاشــانیش داعـش بەردەوامی بەو ڕێبـازە داوە. ئەو کتێبەی کە بە فیقهـی خوێنـاوی ناسراوە، فکـری خـۆی لەسەر ئەوە دامەزرانــدووە کە هەموو جیهــان و لە پێــش هەموویانەوە وڵاتە عەرەبی و ئیســـلامییەکان، بوونەتە دارولحەرب و هەڵگەڕاوە و کافرن و جیهــادکردن دژیان واجبە. هەر لەو کتێبەدا شەرعیەت بە سەربڕینی

کافر دەدات، نەك هەر بە زیندوویی بەڵکو بە مردوویش سەربڕینیان شەرعییەت پێدەدا و بۆ ترساندنی کافرەکان بە کارێکی واجبی دەزانێت. بە بۆچوونی ئەوان خودا هەر نەیوتووە کافر بکوژن، بەڵکو ئەمریشی کردووە کە ملیان بپەڕێندرێت. لەو فیقەی ئەودا سەربڕین لای خودا زۆر پەسەندکراوە و زۆریشی پێخۆشە. بۆ گەشتن بەم ئامانجە بە پێویستی دەزانێت کە کوشندەترین چەکی کۆمەڵکوژ و کیماوی و بایەلۆژی بە دەستبهێنن. بێگومان داعش بەشێوەیەکی کردەکی و زۆر بە جدی ئەوەی کرۆدۆتە پرۆژەیەک و جێبەجێی دەکات.[6]

ئەم پاشخانە فکری و پەروەردەیی و کەلتوورییەی بەغدادی بۆ ئێمە گرینگە، تا لەوە تێبگەین، چۆن ئەم مرۆڤە دەگاتە ئەم ئاستە تێگەشتنەی ئێستەی کە داعشی تێدایە. جگە لەو ناخەی کە ئەو بیروباوەڕەی تێدا چێنراوە و لەم ساتە وەختەدا گەرموگوڕی خۆی بەوو بە زۆر کەسانیتریش دەبەخشێت، مێژوویەکی نزیکی سەدەی بیست و مێژوویەکی دووری ئیسلامیش، خۆراکی ئەوجۆرە بیرکردنەوەیەی داوە. بۆیە بەغدادی هەر بەتەنها ئەو ستراتیژەی کە لەدەرەنجامی ئەزموونی ژیانی خۆی بۆی هاتووە، نەبۆتە پاڵنەر و پاڵپشت، بەڵکو سوود لەو مێژووەش وەردەگرێ کە دەتوانێ هەموو جیهانی ئیسلامی بۆ خۆی کێش بکات. ئیدی لێرەوە بە مێژووی فکری ئیسلامی سەدەی بیستدا دەچینەوە کە بۆتە ڕێخۆشکارێ بۆ گەشەی لەم جۆرە توندڕەوییەی وەک داعش. تا تێبگەین هەڵگری ئەم جۆرە ناخ و دەروونە، چ سیاسەتێک بەرهەمدەهێنێت، چۆن مرۆڤ خۆی خۆی بە ناوی خودا دەخوڵقێنێت.

لەوە تێگەشتین، کە پاشخانی فکری و ئایدیۆلۆژی داعش، بە فکری ئەلقاعدەی جیهادی و فقهی سەلەفی جیهادی و فقهی توندڕەوی زەواهری و شێخەکەی بەناوی ئەبو عەبدوللای موهاجری شێلراوە. تەنانەت فکری جیهادی ئەلقاعیدەشی لە توندڕەویدا تێپەڕاندووە، تا ئەو ئاستەی کە ئەبوبەکری بەغدادی لە فەرمانی ئەیمەن زەواهری کە جێگرەوەی بن لادنە، دەرچووە.

لێرەدا بە پێویستی نازانم، هەرچی گروپی توندڕەوی جیهادی سەلەفی هەن، کۆیان کەمەوەوە باسیان بکەم، ئەوەی بەلامەوە گرینگە ئەوەیە کە خوێندنەوەی موسڵمانەکان بۆ ئیسلام بە گشتی لەم سەردەمەدا بە جیهادی و سەلەفی و سیاسییەوە، بە توندڕەوو میانەڕەوەوە،ڕنگە بڵێم گشت موسڵمانێ، چەن خاڵێکی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە، ئەگەر چی جۆری پەروەردە و کەلتوور و ژینگەی کۆمەڵایەتی لە هەندێ ڕووەوە، لە یەکتری جیایان دەکاتەوە. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە بوترێ، ئەوەیە کە مێژوویەکی

---

[6] جريدن الحياة، ٢٠-١١-٢٠١٤حسن سالم، من هو المرجع الروحى لفقه الداعش الدموى.

هاوبەش و پنتی سەرەتا لە هەموویانـدا ڕەنگێـك دەداتەوە. چۆن تیـۆری مەزنە تەقین دەڵێـت کە ئەم گەردوونە سەرەتا لە خـاڵێکی زۆر گچکەوە دەستپێدەکات و پاشـان بەتێپەڕبوونی کات، تەن و ئەستێرە و گەلەئەستێرەی جۆراوجۆری لێوە دەردێت و ئەتۆم دەبێتە بنەڕەتی هەریەک لەو تەنە جیایانە، ئاوهاش ژیانەوەی ئیسـلامیەکان لەو سەرەتایەوە، لەهەر پارچەیەکیـدا بیگریـت، ناوکرۆکێکی ئەو سەرەتایەی لە خۆیدا هەڵگرتووە. چونکی بە گشتی هەمووان باوەڕیان وایە کە ئیسـلام تاکە ڕێـبازی شەرعی خودایە لەم ژیانەدا، دوا پەیامی خودایە بۆ مرۆڤایەتی، تاقە چارەسەر گەڕانەوەی مرۆڤەکانە بۆ قورئـان، چونکە قورئان کەلامی حەرفی خودایە و موحەمەد دوا پەیامبەرە، هەرچی باوەڕی وا نەبێت، ئەوە کافر دەبێت و هەرچی موسڵمانیشە باوەڕی بەم بنەمایانە وەک خـــۆی نەمێنێت، ئەوا مورتەد دەبێـــت و هەموو کۆمەڵگە و گەلێک لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا بێت، دەبێتە کۆمەڵگەیەکی جاهلی.
ئەوە ڕاستە کە ئیســلام لە سەرەتادا لەسەر ئەم بنەمایانە خـۆی دامەزرانـدووە، وەلـێ بەراوردکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسـلام لەگەڵ هەنووکەی ئیسـلامدا، هەڵەیەکی مەنهەجی کوشندەیە، جا چ بـۆ ئیسـلامییەک کە دەیەوێ بانگەشە بـۆ ئیسـلام بکات و چ بـۆ ئەوەشی کە دەیەوی ئیسـلام عەیبـدار بکات، بەم چەشنە لە هەردولاوە هەڵەی زانستی ئەنجام دەدرێت. بۆیە ئیسلام خـۆی وەک لەسەرەتادا ساڵانی شەسەدی زایینی کە دەرکەوت، جیاوازییەکی جۆرەکی لەگەڵ ئەم سەرەتایەی سەدەی بیستدا کە هەڵیدایەوە، دەبێ ببینرێتەوە، ئەگەر چـــی بە تێڕوانینێکـــی سەرپێیانە هیـــچ جیاوازییەک لەنێوان سەرهەڵدانی یەکەمی ئیســـلام و سەرهەڵدانی دووەمـــی ئیســـلام ناتوانرێ ببینرێتەوە. ئەگەر هەر لەم بابەتەدا بوارمان بۆ ڕەخسا، هەوڵئەدەم هەنـدێکیش لەسەر ئەم بۆچوونە بـدوێین، هەر لەبەر ئەم هۆیەیە دەڵێـم ئـایین لەسەرەتادا ئـازاد بوونە و لە کۆتایـدا بەنـد بوونە، کە لە بەشەکانی داهـاتوودا فراوانـتر ئەم گوزارشتە ڕوون دەکەینەوە.

لە پێشەوە ئەوەمان خستە ڕوو کە چەن بزاڤێکی ئیسلامی لە جیهـانی ئیسـلامدا لە بەرامبەر کاردانەوەی شکستی خەلافەت و هەرەسی ژیاری ئیســـلامی لە بەرامبەر ژیاری ڕۆژئـــاوا لە سەرەتاکانی سەدەی پێشـــوو هاتنە ئـــاراوە. ڕێبـــازی جیهـــادی و سەلەفی، کە لە ســـاڵانی حەفتاکانی سەدەی پێشـــوو سەریاندەرهێنا، پەیوەستە بەو ڕێبازانەی کە سەرەتا لە کاردانەوەی شکستی ژیاری ئیســـلام و کەوتنی خەلافەتەوە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا ڕوویاندا. ئەوە ئاشکرایە کە بزاڤی ئیخوانولموسلمین لە جیهـانی عەرەب، بزاڤـــی ئەبوعەلای ئەلمەودودی لە پاکستان و کۆمەڵەی نـــوور لە تورکیـــا وەک کاردانەوەیەک سەریان دەرهێنـا و هەر یەکە و لە ناوچەکەی خـۆی، سەربەخۆ گەشەیان دەکـرد. ئەمانە ئەو بـزاڤ و

ڕێبازانە بوون کە دەیانەویست جارێکیتر بۆ سەرچاوەی یەکەمی ئیسلام بگەڕێنەوە، چونکی بە بۆچوونی ئەوان، ڕووخـانی ژیاری ئیسـلام، دەرئەنجامی دوورکەوتنەوەی موسـڵمان بـووە لە ئیمان و لە ئیسـلام و وازهێنـان بـووە لە ئاکاری ئیسـلامی و کـزی ئیمانی موسـڵمانەکان بۆتە هۆکاری ئەم شکستهێنانە. بۆیە چارەسەریش هەر گەڕانەوەیە بـۆ ئەو سەرچاوەیەی کە ئوممەتی موسـڵمان لێـی دوور کەوتۆتەوە. ئەگەر چـی سەرکردە و ڕابەرانی ئەم بزاڤانە، سیاسەتێکی نەرمیان پیـادە دەکـرد و ڕێبـازی خۆیان لەسەر پەروەردەی تاک و خێزان و کۆمەڵ بەڕێدەکرد، بەڵام لە هەناویاندا سیاسەتێکی ڕەقیشیان هەڵگرتبوو. دەرەنجامی چەوسـاندنەوەی ئەم بزاڤانە لە لایەن حکومەتی نەتەوەیی ئەو دەوڵەتانەی تیـا دەرکەوتبوون و گەڵاڵە بـوونی فکـری گەڕانەوە بـۆ دامەزرانـدنی خەلافەت وەک سەرچاوەی بووژانەوەی ژیاری ئیسـلامی، دواجـار بزاڤـی سەلەفی جیهادیشـی لێکەوتەوە. ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم بزاڤانە وەک پیلانگێـڕی دامەزرابێتن و هەر تەنها بـۆ ئەو مەرامە توندڕەوییە خۆیان مەڵاس دابێـت. نەخێر؛ مەبەستی مـن ئەوەیە کە مـرۆڤ کائینێکی دینامیکیە و دەتـوانێ لە جـۆری خوێندنەوەی خۆیـدا، بەرەو ئەوناخەی خۆی و ئەو ستراتیژەی لە هەناویدا هەڵیگرتووە، دەتوانێ دەق و ڕووداو بەو ئاقارەدا بەرێت کە خۆی ئارەزووی بۆی هەبێت.

ئەگەر فکری سەیید قوتب بخوێنینەوە، دەبینین وەک سیاسەتێکی ڕەق لە هەناوی ئیخوانێکی نەرمـدا دێتە دەرەوە. قوتب لە ژێـر کاریگەری ئەبوعەلای مەودودی کە باس لە حاکمییەت دەکات، باوەڕی وایە هەرچی حوکم هەیە ئینسـانییە و حـوکمی خـودا کە لە قورئانەوە سەرچاوەی گرتـووە، حـوکمی خودایانەیە. بەمانایەکیتر حـوکمی ئینسـانی حـوکمێکی جاهیلییە لەبەرامبەر حـوکمی خـودا کە خەلافەت و پیـادەکردنی حوکمی قورئانە و هەر ئەوەشە گـوزارش لەو فەرمانەی خـودا دەکات. قـوتب لەم بۆچوونەی خـوارەوەدا ئەم قوڕە زۆر خەستتر دەکاتەوە، کاتێ کە دەڵێ:

*ئەم عالەمەی ئێمـڕۆ یەکپارچە لە جاهیلییەتـدا دەژی.*[7] *ئەم جاهیلییەتە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە دەستدرێژی کردۆتە سەر گرینگـترین خاسـیەتی ئولوهییەت (خوداوەندانە) لە سەر زەوی، کە ئەویش خاسیەتی حاکمییەتە (فەرمانڕەوایی).*[8]

---

[7] هەوڵێك ئەدەم لە بەشەکانی داهاتوودا هەندێ بە وردی تیشک بخەمە سەر وشەی جاهلی و کوفر کە لەسەرەتای ئیسلام چ واتایەکەی بووە و ئیستەش بۆ چ واتایەکی ئیدیۆلۆژی بەکاردەبرێت.

[8] سیید قطب، معالم فی الطریق، ص ٨.

ئیـــدی لێـــرەوە ئیخـــوان باڵێکی فرەوانی دەکەوێتە ژێـــر کاریگەری فکـــری سەیید قوتبەوە و بە رەو توندڕەوی سەر دەکێشێت. هەرچەن قوتب خۆی هیچ هەوڵێکی تـونڕەوی پێـوە دیار نەبووە، چـونکی ئەویش هێشـتا باوەڕی بە گۆرانکاری لە دەروونی تاکەکانەوە بـــــــووە، بەڵام ئەو باڵە توندڕەوانەی کە سەرهەڵدەدەن، لە گۆڕانکاری دەروونیی تاک و کۆمەڵەوە کە ئیخوان و سەید قوتب خۆیان باوەڕیان وا بووە، خۆیان بۆ گۆڕانکاری جەستەیی و بەکارهێنانی هێزی بازوو چەك و تەقەمەنی، دەگوێزنەوە.

قـوتب خـۆی هەرچەنە موسـڵمانی بە گەورە و بەهادارتر لە لە غەیری موسـڵمان دەبینی، بەڵام هێشـتا باوەڕی بەوە بـوو کە موسـڵمان دەبێـت، لە ناخەوە خـۆی بگـۆڕێت بـۆ ئەوەی بەرەو حـوکمی خـودا بگەڕێنەوە. وەک خۆی دەڵێت:

*کاری ئێمە ئەوە نییە لەگەڵ ئەم واقعەی کە کۆمەڵگەیەکی جاهلییە، ڕێکبکەوین، ناشبێ هیـچ جـۆرە هاوسۆزییەکمان (ولاء) بـۆی هەبێت، چونکە ئەم واقعە بەو سیفەتە جاهیلییەتەی کە هەیەتی، شیاوی ئەوە نییە کە ڕێککەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەین. کاری ئێمە ئەوەیە لەسەرەتادا کە خۆمـان بگـۆڕین تا ئەم کۆمەڵگەیە دواجـار بگـۆڕین... یەکەم هەنگاو ئەوەیە کە خۆمـان لەئاسـت بەها و بۆچوونەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەرز ڕاگرین، لە پێناوی ئەوەی لە نیوەڕێگەیەکدا بەوان بگەینەوە، نابێ خۆمان لە هەنـدێ بەها و بیروباوەڕی خۆمـان دوور ڕابگریـن، نەخێر؛ نابێت وا بکەین، چونکە ئێمە و ئەوان لەسەر دوو ڕێگەی جیاوازین، ئەگەر لە گەڵ ئەواندا یەک هەنگاو بە یەك ئاڕاستەدا بنێین، ئەوا کـۆی بەرنامەکەی خودا ون دەبێت و لە کۆتاییشدا ڕێگاکەمان ون دەکەین.*[9]

ئەو خـۆ بە مەزنتر زانینیەی موسـڵمان لە بەرامبەر غەیری موسـڵمان، یەکێکە لەو دەردانەی کە جیهـانی ئیسـلامی پێیەوە دەتلێتەوە و بۆتە یەکێک لەو سەرچاوانەی کە جیهـانی ئیسـلامی گیرۆدە کـردووە و ناتوانێ خـۆی بـۆ ئەویتر بکاتەوە کە ئەویش وەک ئەو مرۆڤێکە و بەهای مرۆڤانەی خـۆی هەیە. ئەمە تیشـکێکی ئەو سەرەتای یەکەمە کە ئیسـلام تیا سەریهەڵداوە، بەڵام گەیشـتنی ئەو تیشـکی خۆ بە زاڵ زانینەی سەرەتا لەبەرامبەر نەیارانی ئیسـلام، بـۆ ئێمرۆکە نەگونجاوە، چونکە لەسەرەتادا شـانازیکردن بە خۆووە بووە و پاشان بۆ لووتبەری پەرەیسەندووە کە لەم سەردەمەدا پتر بە موسڵمانانەوە دیار کەوتووە. ئەم بۆچوونەی سەرەوەی قـوتب دیسـانەوە ئەوە دووپـات دەکاتەوە کە ئیسـلامی سیاسی ئێمرۆکە لەو ڕێبازە لایانداوە بەوەی کە بەشداری دەسەڵاتێک دەکەن کە لەچاوی ئەودا (سەید قوتب) دەسەڵاتێکی جاهلییە. واتە خەسـڵەتێکی خودایان بـۆ خۆیان بـردووە، لەگەڵ دەسەلاتی جـاهلی سەردەمدا دانوستان

---

[9] سەرچاوەی پێشوو، ص.١٩.

دەکەن و لەبری حوکمی خودا لەگەڵ حوکمی مرۆڤاندا خۆیان تێکەڵ دەکەن. ئەمە هەمان ئەو بۆچوونەیە کە کاتی خۆی خەوارجەکان عەلی کوڕی ئەبو تالێبیان پێ تۆمەتبار دەکرد.
لەوە دەچێت ئیخوانی ئێمڕۆکەش بۆ مەنهەجی سەید قوتب بگەڕێنەوە و لە خەوارج و داعش پتر نزیک ببنەوە و ببنە هاوپەیمانیان، چونکی ئیخوان لە میسردا لە بێئومێدی و شپرزەییدا دەژی، بۆیە گرتنەبەری ڕێگەی توندڕەوی لەوە دەچێت بە تاقە دەرچەی خۆیانی بزانن. ئەوەتا لە ٢٨-١١-٢٠١٤ دا ئیخوان لە خۆپیشاندانەکەدا لە میسر، داوایانکرد قورئان بەرزکەنەوە، ئەمەش ڕەوتێکی سیاسی بوو کە بەرەی موعاوییە دایانهێناو لێرەدا ئەمانیش دووبارەی دەکەنەوە. بۆیە واتێدەگەم کە ئیخوانی جیهانی بەگشتی لەگەڵ ئەوەشدا کە لەگەڵ داعشدا هاوسۆزنین، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەمانە وەک خەوارج خۆیان کتومت دووبارە دەکەنەوە. ئەمانیش ئەگەر تاوەکو لابردنی موحەمەد مورسیش لە سەر کورسی دەسەڵات، هێشتا نەگەشتبنە ئەو بۆچونەی سەید قوتب سەبارەت بە تەکفیر و هیجرەت و حاکمییەت، پاش مورسی رەنگە زۆربەیان ئیستە وەک داعش تەکفیری ئەم حکومەتانەی دنیای ئیسلامی بکەن، چونکە یەکەم هەستدەکەن ستەمکاری بەرامبەریان لە لایەن ئەوانەوە ئەنجامدراوە، سەرەرای ئەو هەموو تەنازولەی بۆ دیموکراسی (بە بۆچوونی خۆیان) کردیان، کەچی هەر ڕەزامەندی ئەو حکومەتانەیان بۆ دابین نەکرا. دووهەمیش ئەو باوەڕیان پتر لا تۆخ بۆوە هەروەک چۆن داعش و خەوارج و قوتب باوەڕیان وابووە، ئەم وڵاتانە لە ئیسلام و حاکمییەتی خودا لایانداوە. ئەگەر ئیخوان تاوەکو ئیستەش بۆ موراعاتکردنی واقع و ڕۆژگار و سیاسەتکردن، لە بنەما سەرەکییەکانی باوەڕی ئیسلام خۆیان هەندێک لادابوویێت، وا ستەم و چەوساندنەوەیەی ئەم واقع و سیاستە ئەوانی خستەوە سەر ئەو ڕێچکەیەی کە دەمێک بوو دەبوایە بیانگرتایەتە بەر، بە گوێرەی ڕێبازی سەیید قوتب و باوەڕی گروپە جیهادی و توندڕەوەکان. واتە ئەو نەستەی تاوەکو هەنوکە بەریان پێگرتبوو، وا زوڵمی واقع هێنایەوە بەر هەستیان و لە ڕەفتاریاندا خۆی نمایش دەکاتەوە.

ئێمە لە پێشەوە ئاماژەمان بە وتەکەی سەید قوتب دا، کە موسڵمان وەک مرۆڤ لە غەیرە موسڵمان بە مەزنتر دەبینێت، ئەمەش یەکێك لەو حاڵەتە نەستیانەیە کە زیاتر لە هەزار ساڵە لە نەستی موسڵماناندا نیشتووە. ئەم جۆرە نەستە تایبەتەش بەهۆی بوونی جۆرە خودایەکەوە بووە کە ساڵەهای ساڵە بە موسڵمان ناسێنراوە. ئەو خودایە بە جۆرێکە کەس ناناسێت تەنها موسڵمانەکان نەبێت، لەکەس ڕازی نابێت تەنها لە موسڵمانەکان نەبێت، دان بەکەسدا نانێت تەنها بە موسڵمانەکاندا نەبێت، کەسی ناوێت تەنها ئەوانە نەبێت کە چەند تقوسێك ئەنجام دەدەن، چاکەی کەسی لەبەرچاو

نییە تەنها ئەو چاکانەیە کە موسڵمانەکان دەیکەن. خولاسە خوایەکە چاوی لە هەمـوو کەس نووقاندووە، تەنها لەو چەند کەسە نەبێت کە ناوی دەهێنن و هیچ ناکەن، هاواری بۆ دەکەن و وەستاون، خۆیان داوەتە پەنای ئەوو هیچیـان لە دەسـت نایەت، گەر کەسێکیتر شتی لەدەسـت بێت پێیان خۆش نابێت، گەر یەکێکیتر چاکە بکات پێی نازانن. گەر چاك وردبینەوە خوایەك لە نەستیاندا جێگیر بووە، تووندڕەو، خۆبین، هەر لە خۆیان دەچێت.
مێژووی ئەم وێناکردنە بۆ خودا لە مێژووی ئیسلامدا ئەگەر چی لەسەرەتادا ڕەنگە گونجاو بوبێت و بایەخی خۆی هەبوبێت، بەڵام درێژەپێدانی تا ئەم سەردەمە گرفت وکێشەی ئاکاری و سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆری خوڵقانـدووە. بۆیە لێرەوە دەڵێم کە دەبێت کۆدەتایەکیش بەسەر ئەو نەستەدا بکرێت و ئەو جۆرە خوایە وەک چەمکێ کە لە نەستی موسڵمانەکاندا جێگیر بووە، بگۆڕدرێ. ئەو خوایە لە ناخیاندایە لە ڕەگەز پەرستەوە بۆ ڕەگەزناسێ، لە توندڕەوەوە بۆ خوایەکی ناسك و میهرەبان بگۆڕن کە هەموو مرۆڤێك بە جیاوازی باوەڕو بۆ چوون و ڕەگەزەوە، بە مەرجێ لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بێت، بەیەك چاو ببینێت.
گۆڕینی واتا و چەمکی خودا لەم سەردەمەدا، موسڵمان لە گرێی دەروونی بە کافرکردنی ئەویتر ڕزگار دەکات کە زۆربەیجار جۆرێک لە دژواری بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی موسڵمان درووست دەکات. لە فەرهەنگی موسڵمانەکاندا وشەی کافر یانی غەیری موسڵمان. مامەڵەکردن لەگەڵ کافر لەم فەرهەنگەدا هێندە مەرجدارە قبولکردنی وەك مرۆڤێکی ئاسایی زۆر زەحمەت دەبێت. ئەو کاتەی کە ئیسلام سەریهەڵداوە و ئەوانیتر دانیان پێدانەناوە وەك دیاردەیەکی نوێ، وەك ئاینێکی تر، لە ئەنجامی کاریگەری عەقیدەو کەلتور و خێڵ و قەبیلە سیفەتی کافرێتییان وەرگرت. هەر کات و زەمەنێك ئەم جۆرە سیفات و فاکتەرانە ببێتە ڕێگر لە دانان بەویتردا ئەویش دەبێتەوە بە کافر، بۆیە دەبێت ئەم چەمکە حاڵەتێکی دینامیکی وەرگرێت نەك ئیستاتیکی. هەروەك ناکرێت بە مارکسیەك بۆ هەتاهەتایە بوترێت پرۆلیتار و بە دژەکەی بوترێت بۆرژووا، چونکە زۆر مارکسی هەن بورژووان با بەناو خۆیان بە مارکسی بزانن. بەم واتایە کافر یانی کەڵەڕەق، خۆپەرست و ڕەگەزپەرست، دانانێت بەو هەقەی کە لە ئێستەدا ئامادایە. واتە لەو کاتەدا کە ئیسلام هات و هەقێکی بۆ عەرەب هێنا و پاشان بۆ مرۆڤەکانیتریش پەخشی خۆی نارد، وەرنەگرتنی ئەو نوێیە و ئازاردانی هەڵگرانی ئەو هەقە نوێیە، ناوی کافریان لێنرا. ئایا دەتوانین کافری ئەو ڕۆژانە بکەینە پێوەر بۆ غەیرە موسڵمانی ئەم ڕۆژانە ؟!
بۆیە دەڵێم گۆڕینی وێنەی خودا لە نەستی خەڵکیدا کاریگەرییەکی مەزنی دەبێت لەسەر هەستی

خەڵکــی و بەرەو هوشیاربوونەوەیان دەبات و پاشـــان ڕەفتاریشیان دەگــۆڕێت. هوشیاربوونەوەی بەردەوام باشــترین بەلســەمی دەردەکانی ئێمەیە و بە جـارو دووجـار کۆتایی نایێت و مـرۆڤ دەبێ بەبەردەوام بەم پرۆســەیەوە ســەرقاڵ بێـت. ئەو خودایەی لە نەستی موسـڵمانەکاندا جێگەی گرتـووە، کراوەتە بتێک، دەبێت بشکێنرێت تا خودایەکی زینـدوو جێگەی بگرێتەوە. بەهەرحاڵ هەوڵێکمان دا پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێـوان سەرهەڵدانی ئایـدیۆلۆژیای ئیخـوان و چەکەرەکردنی ئایـدیۆلۆژیای سەید قوتب و ئایدیۆلۆژیای توندڕەویدا بدۆزینەوە، کە دواجار چۆن لە داعش و وێنەکانی ئەوانـدا، خۆی گەڵاڵە دەکات، کە گێڕانەوەی خەلافەت، واتە هێنانەوەی حوکمی خـودا گرنگـترین ئەرک بـوو ئەو بزاڤە لە ئەستۆی خۆی گرتبوو، ئەگەر چی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە لای ئیخـوان و قوتب لە میکانیزمی وەدیهێنانی خەلافەت لەگەڵ داعش جیاواز بێت.

بەهەمانشێوەش لە تورکیـا نۆستالۆژیای کۆمەڵەی نـوور بـۆ گێڕانەوەی خەلافەت، لە دژێ حکومەتی نەتەوەگەری ئەتاتورك، هەمان خەیاڵی لای موسڵمانانی تورکیا وروژاند. بۆنموونە بانگدان لە مزگەوتەکەی نوورسی بە عەرەبی، لە دژی فەرمانی ئەتاتورک بۆ بە تـورکیکردنی بانگـدانی عەرەبی، ئەو سـۆزەی هەر بە پارێزراوی هێشتبۆوە، هەرچەن نورسی و کۆمەڵەکەی دژ بە شەڕی نیوان موسڵمانان بوون، چونکی نورسی و پەیامەکەی بە گشـتی لەسەر ڕزگـارکردنی ئیمان دژ بەو بێ ئیمانییەی کە ڕۆژئـاوا هێناوییەتی بە بۆچـوونی ئەوان دامەزراوە. وەلــێ لە ناو تورکەکانیش بزاڤــی سەلەفی جیهــادی سەرییهەڵدا و بەرگەی گۆڕانی تاکو کۆمەڵیان نەگرت و چاوەڕێی رزگارکردنی ئیمانیان لە ڕێگەی پەیامەکانی نـوورەوە، نەکرد. واتە لە تورکیاشدا فکرەی سەلەفی جیهادی پەرەی خـۆی سەند، لە سەرەتای نەوەدەکانـدا چـاوم کەوتووە بە چەنـــد کەسێک لەو سەلەفی و جیهادیانە کە بەرەچەلەک تـــورک بـــوون و پەیوەنییەکی پتەویان بە میسرەوە هەبوو، بەڵام ئەو زانیارییەم لا نییە کە لە چ سـاڵێکەوە ئەو فکـرەی جیهادییە لەناو ئەوانیشـدا چەکەرەی کـردووە. ئیستەش لەناو ئەوانـدا داعـش نرخی تایبەتی خـۆی و لایەنگری زۆروزەبەنـدەی خۆی هەیە. هەڵبەتە ڕەجەب تەییب ئەردۆگانیش لەم جۆرە ڕەوتە سودمەند بووە و بـۆ مەرامی سیاسی خـۆی بەکارهێناون و سـۆزی جیهـانی سـوننەی ئیسـلامی بە داعـش و بە پشتگیری لە فەلەستین و حەماس و ئیخوانی میسر جەماوەر و پێگەی خۆی لە تورکیادا پـێ پتەو کردووە. ئەگەر چی لەم سـاتە وەختەدا کە هاوپەیمانی ولاتانی ڕۆژئـاوا و زۆرێـک لە وڵاتانی عەرەبی، هەنـدێ پێگەی ئەردۆگانی لەق کردووە.

بەهەرحاڵ ئەمەی سەرەوە وەک نموونەیەک هێنامەوە، تا مەبەستی خـــــۆم ڕوون بکەمەوە لەوەی کە

ڕامگەیانــد، سەرەتای کاردانەوەی جیهــانی ئیســلامی بە چەن بزاڤێکــی ئیســلامی لە چەن وڵاتێکــی ئیسلامیدا، ئاخۆ چ پەیوەندییەکی بە ئێمڕۆی داعش و گروپە تونـدڕەوەکانیترەوە هەبێ. دەمەوێ خوێنەر لەوەش ئاگادار بکەمەوە مـن نامەوێ لێرەدا دادگایی هیچ لایەن و گـروپ و کەسێك بکەم، هێنـدەی دەمەوێ زانســـتیانە مێژوویەک بخوێنەمەوە کە پەیوەنـــدی بە ئێمڕۆکەی داعشەوە هەیە. ئەم جـــۆرە خوێندنەوەیە گرینگییەکەی لەوەدایە؛ مـرۆڤ لە خـۆی و لەویتریش هوشیار دەبێتەوە. داعـش کۆمەڵێ مرۆڤـــن و گیرۆدەی ئایدیۆلۆژیایەک بـــوون، کە بە ئایدیۆلۆژیایەکیتر نەبێت، هوشیار نابنەوە. ڕەنگە هەنـدێ لەو مرۆڤانەی ئێمڕۆکەدژ بە داعـش وەستاون، گەر بکەونە ژێـر هەمان هەژموون و تەوژمی داعشەوە، ئەوانیش بەرەو خۆی ڕاپێچ بکات. بەتایبەتی لاو زۆر زوو دەکەوێتە ژێر ئەو کاریگەرییانەوە، بەتایبەتیتریش لاوان و گەنجانی وڵاتانی ئیســلامی، کە زۆر مافیـان لێسەنراوەتەوە، لەسەرو هەموویانەوە دەسەڵاتدارانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانە، بەشـــــــــداریەکی مەزن لەو بێ مافییەی ئەوانەدا دەکەن،پانتــایی دەرخســتنی بەهرەکانیان زۆر تەســکە، ڕێگە گـرن لە ئـازادی بیرورا دەربڕینــدا، ئەو گەنجانەی کە بێ دەرامەت و بێ دەسەڵاتن و لە ژێـــر پەروەردەی ئیســـلامیدا بوونە و ئەو نەستەی خولْقانـدووە کە بـۆ ئەو داعـش ئامادەیان بکات. ڕەنگە پەروەردە ئیســلامییەکە پەروەردەیەکی تونڕەوانە نەبوبێت، بەڵام وەک وتم گەڕانەوەی خەلافەت و پیرۆزراگرتنی پێشـــینان و بە هەقزانینی ڕەهـــای ئیســلام و بە ناوی خـوداوە دووان، سەرباری ئەمانە چەوسـاندنەوەی دەسەڵاتداران و نا دادپەروەری فەرامنڕەواکان و بێئومێدی گەنجان، ژینگەیەکی گونجاو و زەمینەیەکی لە بار بـۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەی داعش ساز دەکەن. ئیسـتە جیهانبینی داعـش و سـتراتیژی ئەوان بـۆ ئەم ژیانە، بزانە چەنـدە کاریگەرە لە گەیشتن بە ئامانجی ویستراوی خۆیان.

لە کـۆی ئەو ڕوونکردنەوانەی پێشەوە ئەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەبێـت کە ئێمە ناتوانین داعـش و خەوارج لەیەک جۆرە گروپدا کۆیان بکەینەوە، چونکی داعش ڕەنگێکی جیهـانی وەرگرتـووە لە لایەکەوە و فـرە کارەکتەریشـی لە خـۆی گرتـووە لە لایەکیترەوە. بەناوی ئیسـلام و خەلافەت و سـوننەوە بۆتە گلۆباڵ و لەهەموو دنیاوە خەڵکی بۆخۆی کێش دەکات، گەنجێکی زۆریش هەر یەکە بە پاڵنەری جیاواز لە خـۆی کۆدەکاتەوە. گەنجێ ناسنامەی خـــۆی لەوێـــدا دەدۆزێتەوە، گەنجیتر ناوبانـــگ لەوێـــدا بۆخـــۆی درووستدەکات، گەنجی وا هەیە بەهەشـت بۆخـۆی لە ڕێگەی داعشەوە مسـۆگەر دەکات کە لەم دنیایە بێئومێـد بـــووە، گەنجیتر هەن کە ڕەنگە بە خەمۆکییەوە بتلێنەوە و لەبری ئەوەی خـۆی بە خـۆرایی بکـوژێت، بە نرخێکـی گـران خۆکـوژی ئەنجامـدەدات، گەنجی ئەوتۆش هەن لەهیـچ حـاڵی نین، تەنها ئەوەنـدە نەبێت لە ڕێگەی هاوڕێیەکەوە وا تێگەشتووە کە ئەوە ئەمری خودایە و ئەمرۆژە نیشـانەکانی

ئاخرزەمان دەرکەوتووە و بۆ خودا دەژی و دەمرێ. بۆیە ناتوانین یەک پاشخانی کەلتوری بۆ داعش دامەزرێنین، هەروەک ئەوەی لە پاشخانی کەلتووری خەوارجدا بینیمان، بەڵام یەک پاشخانی ئایینی هەمویان کۆدەکاتەوە.
یەکێک لەو کەیسانەی کە چۆن گەنجێک بە رەورووی داعش دەچێت، ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بانگەشەی داعشیەکان مشتومڕ و بیرکردنەوەی زۆر ناوێ، فەلسەفە و تیۆریزەکردنی بنەماکانی ئیسلامی گەرەک نییە، پیویستی بەو هەموو بیانوو هێنانەوەیە ئیسلامی سیاسی نییە تا شەرعیەت بە خۆی بدات، تەنها هێندە بەسە کە ئیتر دەبێت جیهاد بکەن و جیهان لە جەهالەت ڕزگار بکەن، ئەو جیهانەی کە سەلیبییەتی ئەمەریکی و جولەکە و رۆژئاوا داگیری کردووە، ئەو جیهانەی دەسلاتدارە موسڵمانەکان بونەتە نۆکەریان- ئەمە لە دیدی ئەوانەوە-، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە حاکمییەت بۆ خاوەنەکەی بگێرنەوە کە ئەویش تەنها خودا خۆیەتی. بۆنموونە گەنجێکی میسری بە ناوی (إسلام یکن) تەمەن ٢٣ ساڵ، زانکۆی تەواو کردووە، سالێ پێش چوونی بۆ ناو داعش، مردنی هاوڕێکەی چۆن دەیکاتە ئسلامییەک و جیهادی و ژیانی بەهەشت سەرقاڵی دەکات، حەزی لە شوهرەت کردووە، ڕقی لە ئیخوان بووە، چونکی ئەوان خەریکی سیاسەتن و داعش خەریکی جیهادکردنن. لە پێشەوە وتمان جیهانی ئیسلام و بزافی ئیسلام و خیزانی ئیسلام و دەزگای حکومی جیهانی ئیسلام، نەستی تاکەکانی خۆی بە جۆرێك خۆراک دەدات، داعش دەتوانێ بە ئاسانی تەفرەیان بدات.

مەبەستم ئەوەیە ئەم فکرە داعشییە عەمەلین و زۆر وتنی ناوێ، جوڵەی سەرزەوی ئەیانجولێنت نەک فکر. مەبستم ئەوە نییە کە فکریان نییە، مەبەست ئەوەیە کە فکر و واقعیان دوور نییە لە یەکتر، باوەڕیان بە چی هەبێت، ئەوە جێبەجێدەکەن، وەک ئیسلامی سیاسی نین، کە باوەڕیان بەخەلافەت هەیە یان هەبووە، بەڵام درکاندنی بۆ ئەوان ئیستە قورس بووە. چونکی لەگەڵ واقعێکدا تێکەڵ بوون، واقعێک کە باوەڕی بە مەدەنییەت هەیە و دەیەوێ بیسەلمێنی کە ئەمانیش دیموکراتخوازن، تا وجودی خۆیان بسەلمێنن. بەڵام داعش کە وەک گشت ڕێبازەکانی سەلەفی جیهادی، باوەڕیان بەوە نییە، چونکە هەر ئیسلام هەیە وەک حوکمی خوداوەندانە، بۆ حوکمکردن بشێت. لە ڕوویەکەوە لەم جیهانبینینەی ئەمانە بڕوانێت، هەست دەکەیت لە گەڵ باوەڕەکەیاندا ڕاستگۆن. ئەوەش وایە؛ ئەگەر ئیسلامی دینێک بێت خوا ناردبێتی، ئەگەر ئیسلام ڕێبازێک بێت کامڵ بێت، ئەگەر ئیسلام چارەسەری گشت کێشەکانی هەبێت، ئەگەر قورئان کەلامی خودا بێت، ئەگەر پەیامبەر موحەمەد پەیامبەر گشت مرۆەکانی سەرزەوی بێت، ئەگەر ئەمە وابێت، وەک داعش و گشت موسڵمانێک بە ئیسلامی

سیاسیشەوە باوەڕیان پێیەتی، ئیتر بۆ پەنا بۆ مەنهەجێکیتر دەبن؟ ئەگەر ئیسلام هێندە جوانە، چ پێویست دەکات باسی دیموکراسییەتێکی مەنهەجی بەشەر بکرێت؟ بۆیە لای داعش، گشت پارتە ئیسلامییەکانی بەشداری سیاسەت دەکەن و باسی دیموکراسی دەکەن، کافرن و بڕایەوە. زۆرن ئەوانەی ئێمڕۆکە دژ بە داعش قسە دەکەن لە ناو ئیسلامی سیاسیدا یان ئیستەش وەک ئەوان بیر دەکەنەوە، یاخود چەن ساڵێ لەمەوبەر وەک ئەوان بیریان کردۆتەوە، بەلام واقع و بەرژەوەندی سیاسی ناچاری کردوون دەسبەرداری ئەو عەقیدەیە بین. لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردوو وتاری ئیسلامییەکانتان نەدیوە کە خۆن دیموکراسی کافر دەکەن، کەچی ئیستە بە ڕوکەش لە گەڵ داعشدا نین، وتاری گوتراو ونوسراوی ئەو ئیسلامیانەتان نەدیوە کە لە هەشتاکانی سەدەی رابوردو کە بەعسی و پارتی و یەکێتیان کافر دەکرد، ئیستەش چۆن لەگەڵیاندا کاردەکەن و شوێنیان کەوتون و شانازی دەکەن ئەگەر یەکێک لەو سەرکردانەی ئەو پارتانە قسەی لەگەڵدا بکەن!؟ کەواتە داعش لەگەڵ بیروباوەرەکەی خۆیدا لە چاو ئەوانیتر گەر بەراوردیان بکەی راستگۆترە.

جا کەوابێ، سەرەتای دەرکەوتنی کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی کە نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر ڕوویدا، پەیوەندییەکی پتەوی بەو پەرەسەندنەوە هەیە کە ئێمڕۆ بە بزاڤە ئیسلامییە توندڕەوو میانڕەوەکانەوە دەیبینین. ئیسلامی سیاسی کە خۆی لەگەڵ واقعدا دەگونجێنی، بێئەوەی بنەما سەرەکیەکانی عەقیدەکەی بگۆڕێ، توندڕەوێ کە دەیەوێ ئەوەی باوەری پێیەتی لەسەر زەوی بیڕوێنێ، سەلەفی کە هەم لەسیاسەت و هەمیش لە جیهاد خۆی بەدوور دەگرێ، کەچی هەر هەموویان لە بنەما سەرەکیەکانی ئایینی ئیسلام وەک یەک بیر دەکەنەوە. خودا و پەیامبەر و پایەمەکەی، واتە أللە، محمد و قورئان، کە ئەم سێ بنەمایە ئێمڕۆکە لە بەرژەوەندی جیهادییە توندڕەوەکاندایە. هەوڵمانداوە ئەم سێ بنەمایە لە کتێبی (ئیسلام لە شەبەنگی فەلسەفەی ئایینەوە) کە ئامادەیە بۆچاپ، بخەمە ژێر وردبینییەوە.

با بێنەوە بۆلای داعش لە عێراق. دەبینین لە بەرامبەر ئەواندا (ماعش)ێ کیش واتە میلیشیای شیعەی عێراق هەیە. داعش سواری کەشتی سوننە بووە، تا بتوانێ مەزهەبێک بۆ خۆی بەکاربهێنی و سوننەکانی عێراق لە خۆی کۆبکاتەوە، خەلافەتی بەکارهێنا تا لە هەموو دنیا موسڵمان بەرەو لای خۆی بهێنێتەوە. سعودیە و تورکیاش سورای کەشتی داعش بوون تا بەرژەوەندی خۆیان دژ بە ئێران، بپارێزن. بەلام تورکیاو سعودیە لەوە دەچێت لەبەرامبەر داعشی سوریا یەک دەنگ بن، کەچی لە ئاست داعشی عێراق وەک یەک بەرژەوەندیان پێك نەیێتەوە. لەوە دەچێ سوننەی عێراق بەشێکیان لای داعش بێت و تورکیا هاوکاریانە، بەڵام بەشەکەی تریان لای لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بێت و سعودیە هاوکاریان بێت. ئەو بەشە سوننەی تر کە لای حکومەتی عێراقە، لەچاو بەشەکەیتر کە لای داعشە، وەک جاش

ببینرێن، واته بوونەته جاشی شیعه. تورکیا لەوه دەچێ زەبری پێگەشتبێت له پشتگیری کردنی داعش، ئەویش بۆ دەرچەیەك دەگەڕێ و ئەیەوێت له عێراقدا جێگەی خۆی بکاتەوه. ئەگەر داعش میلیشیای چەن وڵاتێك و چەن لایەنێك بێت، به هەمان شێوه ماعش میلیشیای چەن وڵاتێك و چەن لایەنێك بێت له عێراقدا. بۆیه دەڵێم کەلتوور، مێژوو، سیاسەت، بەرژەوەندی و پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی له داعش و ماعشدا کۆبۆتەوه و ئەو دەڤەرەی کردووه به دۆزەخ. سەرەڕای ئەمانەش ترسێک هەموو حکومەتەکانی ناوچەکەی تاوداوه، تا دەست وەرداته سوریا و عێراق بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، بۆیه سیاسەتێکی نادروستی وەک ئیستەی بەرهەمهێناوه. ستەمکردن و چەساندنەوەی سوننه و قۆرخکردنی دەسەڵات له لایەن شیعەوه به پاڵپشتی ئێران، داعشێکی داهێنا. هەمانکات شیعه له زیهنییەتی سوننەدا مێژوویەکی پاکی نییه و به دەستی جولەکەی دەزانن و زۆرێ له ڕاوبۆچوونی زانایانی سوننه تا ئیسته دانیان به شەرعیەتی شیعەدا وەک موسڵمان نەناوه. ئەمانه هەمووی ئەوەتا له ناوجیهانبینی داعشیەکاندا کاران و خۆیانی بۆ به کوشت دەدن.

## دەرەنجام

## ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاکەی بەندبوونە

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ پرۆسەیەکی وەک مێژوو، بەتایبەتی مێژووی ئایینێک، مێژووی بزافێک یان ئایدیۆلۆژیایەک، دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین ئـــــایین یان هەر ئایدیایەک سەرەتا کە سەرهەڵدەدات جۆرێـک هوشـیاربوونەوەی لەگەڵدایە، چونکە مـرۆڤ لە ژێرباری ئایـدیای باو یان ئـایینێکی باو دێتە دەرێ، وەلێ پاش ئەوەی ئەویش دەبێتە باوو و دەسەڵاتێک لە پێناو بەرژەوەنـدی خۆیـدا ڕایـدەگرێت، جـارێکیتر مـرۆڤ بەنـد دەکا و لە بیرکردنەوەدا گـۆتی دەکات. ئیسـلام لە پێش سەدەکانی ناوەڕاستەوە ئیدی بە جۆرێک بووە ئاینێکی باو، بیرکردنەوە بە ئاڕاستەیەکی تردا لە گشـت لاوە بەری پێـدەگیرا. کاتێ لەسەردەمی مۆدێرنەدا کە جیهانی ئیسلامی زەبری کوشندەی بەردەکەوێ و لە خۆی هۆشیاردەبێتەوە کە چەنێک لەکاروانی پێشـکەوتن و مرۆڤدۆسـتیدا دواکەوتووە، ڕاچڵەکینێک ڕووی تێـدەکات کە کۆمەڵێک بزاڤی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە، هەروەک لە بەشەکانی پێشەوەدا تیشکمان خستنە سەر.

لەسەرەتای ئەم بابەتەوە تا گەشتینە ئەم کۆتاییە، بە ئاڕاستەیەکدا ڕۆیشتین کە هەم لە ئیســـلامییەك و هەمیش لە دژە ئیســـلامییەك، جیامــان دەکاتەوە. واتە وەک ئیســـلامییەک داعــش ناکەینە دەرەوەی ئیســلام لە پێنـاوی جـوانکردنی خۆمـان و دزێـو کردنی ئەوان، هەروەها وەک دژە ئیسـلامییەکیش نا کۆشین بۆ ناشـیرینکردنی هەرچی موسڵمان و مێژووی ئیسـلامە لە پێنـاوی تێرکردنی حەزو خۆزگەکانی خۆمان. گەشتی ئەم بابەتە چاو پێداخشـاندنەوەیک بـوو کە لە سەردەمی ململانێـی عەلی و موعاوییەوە دەستپێیکرد و لەگەڵ دەرکەوتنی داعـش کۆتایی هـات. لەوە تێگەشـتین کە داعـش هەر ئەوە نییە دژی هەموو جیهان وەستابێتەوە، بەڵکو شەرمەزارییەکی زۆریشی بۆ موسڵمانان لەگەڵ خۆیـدا هێناوەتەوە. بۆیە چـاودێرە موسـڵمانەکان بە ئیسـلامی سەلەفی و ئیسـلامی سیاسـییەوە، هەنـدێک لەوانەی کە دیاردەی داعـــش دەخوێننەوە، بەردەوام ئیســـلام وەک سەرچاوەیەکی ئیلاهییانە لە ئیســـلامێکی دەستکردی موســـڵمانانە جیادەکەنەوە. بێئەوەی بە خۆیان بزانـــن، سەرچاوە ڕەسەنەکە لای خۆیان دادەنێـــن و ناڕەسەنەکەش بە داعش دەسپێرن، ئیدی دڵی خۆیان بەوە خـۆش دەکەن کە ئەوان ئیسـلام لە دەستی جەردەکانی وەک داعش دەپارێزن. هەندێکیتریشیان ئەگەر چی لە بازنەی ئیسـلام دەریان ناکەن، بەڵام وەک لادەر لە راستە ڕێگەی ئیســـــــــلام دەیانبینن. ئەم دوو خوێندنەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لە وتارەکانیاندا دەبینرێنەوە. ئەوان لەوە سەرسـامن چۆن دەبێـت ئیسـلامی ڕەحمەت بـۆ مرۆڤایەتی لە کاتی جێبەجێکردنی ئایەت و حەدیس بە حەرفی بەم شـێوە قێزەونە دەرکەوێت. ئەوان ناتوانن ئەو ماوەیە لە بیرکردنەوەیاندا ئەژمار بکەن کە کەوتۆتە نیـوان سەرەتای دەرکەوتنی ئیسـلام لەتەک پەیامبەر موحەمەد و

کۆتای دەرکەوتنی ئیسلام لە فۆرمی داعشدا لە تەک ئەبوبەکری بەغدادی. دژە ئیسلامییەکانیش بە پێچەوانەوە، ڕاست و چەپ بەسەر هەموو شتێکدا دەهێنن و ئەو هەڵەیان بۆ هەڵکەوتووە کە بێژن بەڵێ ئەوەتا ئەوەیە ئیسلام و والسلام، بێئەوەی مێژوو و مرۆڤ و دەق و پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و گۆڕانکاری دید و بۆچوونی مرۆڤ بە هەند وەربگرن. چونکی هەم ئیسلامی و هەمیش دژەکانیان لە یەک ئاستدا بیردەکەنەوە و لە یەک گۆشەنیگاوە مێژوو و مرۆڤ دەناسنەوە، ئەوەیش ئەوەیە کە مرۆڤ کائینێکی وەستاوە، چوارچێوەیەکی داخراوە، یان ڕەشە یان سپی، نە خۆیان لە ئیستە دەناسنەوە و نە خۆیان لە ناو مێژوودا دەدۆزنەوە. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بۆ مرۆڤ ئەم جۆرە ڕوانینە لە یەکتر، خوێندنەوە و ڕوانینێکی ئامێرانەیە بۆ یەکتر.

ڕێزی بیرکردنەوەی ئەم بابەتە ئەو ناونیشانەیە کە دەڵێم: *ئایین سەرەتاکەی ئازادبوونە و کۆتاکەی بەندبوونە.* ئەم وتەیە گوشراوەی پرۆسەیەکە کە لە مێژووی گشت ئایدیۆلۆژیایەکدا دووبارە دەبێتەوە، بە جۆرێکە کە ناتوانین کۆتاییەکەی بە سەرەتاکەی بەراورد بکەین و لە یەک قالب و ڕیزبەندیدا دایانبنێین. لە کتێبی (ئیسلام لە موحەمەدەوە تا بنلادن، پەیامبەرێکی داهێنەر و موجاهیدێکی ڕووخێنەر) دا ئەم پرۆسەیەمان بە درێژی ڕوون کردۆتەوە. واتە داعشێکی ئێمڕۆکە ناکرێ و ناشێ بە ئیسلامێکی سەرەتا بەراورد بکەین و بە یەک چاو تێیانبڕوانین. بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە توندڕەوەکان لەدەرەوەی ئیسلام بن و میانڕەوەکانیش لە ناو ئیسلامدا مابێتنەوە، نەخێر؛ هەردوولا لە ناو بازنەی ئیسلامدان و لە کانیاوی قورئان و حەدیس ئاو دەخۆنەوە، کەچی هەرلایەو ئەویتر بە ساختە دەزانێ. واتە ناشێ و ناگونجێ بۆ ئەوەی شەرمەزار نەبیت، ئیسلام وەک مێژوو لە ئیسلامی خودا جیا کەیتەوە بە بیانووی ئەوەی داعش دەرکەیتە دەرەوەی ئایینی خودا.

لەم کورتە ڕوونکردنەوەیەوە جارێکیتر دێینەوە بۆلای ئیخوانولموسلمین کە لە جیهانی عەرەبیدا دەبێتەوە بە سەرچاوەی یەکەمی بزافە ئیسلامییەکانی ئێمڕۆکە. هەمانکات ئیخوانیش جێدەهێڵێن، چونکە بە بۆچوونی بەندە ئیخوان، هەروەک نموونەی پێشووتری ئەستێرە و تیشکەکەی، کۆتایی هاتووە، ئەوەی مابێتەوە جێماوەکانییەتی. ئیخوان سەرەتا بزافێکی سۆفیگەرانە بووە، واتە مەبەستێکی سیاسی دەسەڵاتخوازانە لە پشتەوە نەبووە، بەڵام ئەوانەی لەو بزافەوە داکەوتن وەک میانەڕەو و توندڕەو، خوویان بە درووشم و سرووت و ڕووکەشەوە گرتووە، بەشێکیشیان لە پێناوی دەسەڵات وەرگرتن پێیان بە زۆرێک لە بنەماکانی ئاییندا ناوە، ئەم ڕەفتارە سیاسییەی ئەمانەیە کە ڕێکخراوێکی و ەك داعش وگشت گروپە توندڕەوەکانیتری بێزار کردووە.

دەمەوێ لێرەدا ئەوەش بدرکێنم کە دەرکەوتنی سەلەفییەکی ئیسلامی یان سیاسییەکی ئیسلامی و جیهادییەکی ئیسلامی، جیاکارییەک نییە تا بڵێین ئەمانە لە دۆخێکی وەستاودان و بەم شێویەش لەدایک بوون، نەخێر مەبەستمانە بێژین کە پێکهاتەی دەروونی، پەروەردەی تایبەت و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە خوڵقاندنی ئەو فۆرمە جیاوازانە لە ناو ئیسلامییەکاندارۆڵی زۆر گرینگ دەگێرن. ئەمە جگە لەوەی بەردەوام ئاڵووگۆڕ لە نیوان ئەو فۆرمانەدا روودەدات و روویداوە. واتە سیاسییەک ڕوو لە سەلەفییەت دەکات و سەلەفییەک ڕوو لە جیهاد دەکات و بە پێچەوانەشەوە. نەک هەر ئەوە بگرە دژە ئیسلامییەک دەبینی، دەبێتە ئیسلامییەکی سەرسەخت و ئیسلامییەکیش دەبێتەوە بە دژە ئیسلامییەکی توندرەو. گەر سەرژمێرییەک بۆ ئەم چەن ساڵەی دوایی بکەی، زۆر بە سادەیی ئەم دیاردەیە دەبینینەوە. ڕەنگە ئیستە زۆرێک هەبن لە ناو داعشدا پەشیمانن و هەلیان بۆ هەڵکەوێ ڕادەکەن، ئەی چەنێ کەسیتر تامەزرۆی چونە ناو داعشن و دەستیان ناکەوێ!

کۆی وتە؛ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە مرۆڤ لە بەندیخانەی خۆیدایە، چونکە مرۆڤ کە چاو دەکاتەوە لە ناو کۆمەڵێک تەلبەندا خۆی دەبینێتەوە کە بوونەتە کۆمەڵێک فاکتەرو ئەو مرۆڤە پاش لە دایکبوون، جارێکیتر دەیخوڵقێننەوە. لەو هێلکارییەی خوارەوە بڕوانە، بزانە مرۆڤ هیچ بوارێکی دەبێت تا ئازادانە بیرکاتەوە! تەنها کاتێ مرۆڤ ئازاد دەبێت لە بیرکردنەوەدا کە لەو فاکتەرانەی خوڵقاندویەتی هۆشیار دەبێتەوە. ئەو مرۆڤانەی لەو فاکتەرانە هۆشیار دەبنەوە، بەردەوام لە ناو مێژووی مرۆڤایەتیدا دەگمەن، هەر ئەوانەشن دەتوانن ئاراستەی مێژوو بگۆڕن.

مرۆڤ لەڕێگەی ڕەفتارەکانییەوە دەناسرێتەوە. بڕوانە و بزانە ڕەفتاری مرۆڤ چۆن بە شەش فاکتەری جیاوازی وەک فیزیکی، دەروونی، ڕۆحی، کەلتوری، جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی دەورە دراوە. کاتێ مرۆڤ بە قووڵی لە خۆی نەڕوانێ و بەوردی بە مێژووی خۆیدا گوزەر نەکا و بە ڕەگ و ڕیشەی ئەو تەلبەندەی بە دەوریدا کێشراوە شۆڕ نەبێتەوە، مرۆڤێکی ئازاد نابێ، بەڵکو ڕابوردوو هەنگاوی پێدەنێ، کەچی وەدەزانێ بە ئەقڵی خۆی و ئیرادەی خۆی ملی ڕێگە دەگرێ. موسڵمانی ئێمڕۆکە بە گشتی لە بەندیخانەی مێژووی ئیسلام و دەقی سەدان ساڵە و لێکدانەوەی کۆمەڵێ مرۆڤدان، کە بۆکاتی خۆیان و بۆ جێبەندی خۆیان بیریان کردۆتەوە. مێژوویەک بۆتە زەخیرەی ئەمان و گۆڕەپانێک لە پیرۆزی بۆتە جێگە ڕاوڕاوێنی ئەوانیتر، جیهانێکی ئەفسوناوی ئەوتۆیان بۆخۆیان خوڵقاندووە کە هاتنە دەر لێیەوە تا بڵێی سەخت و ئەستەم بووە. ئەم کۆمەڵگە داخراو و بەندکراوە، کاتێ زەبری مۆدێرنەیان بەرکەوت، وەک لە پێشەوە وتمان، بزافی ئیسلامی لە جۆری ئیخوانی خوڵقاند. هەر چەنە ئەم بزافە وەک ڕابووێنێک لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامی خۆی ڕاگەیاند، وەلێ ئەوە لای بەندە وەک ڕاچڵەکینێک دەرکەوتبوو

زیاتر لەوەی کە ڕابوون بوو بێت. لەبەرئەوەی کێشەی بنەرەتی جیهانی ئیسلامی لای ئەوان بە وردی دیاری نەکرابوو، بەڵکو پەرچەکردارێکی نەستیانە بوو، پڕ بوو لە نۆستالۆژیا بۆ ڕابوردووی خۆیان کە گەڕانەوە بۆ سەردەمی خەلافەت یەکێک بوو لەو نۆستالۆژیایانە. لەگەڵ ئەمانەشدا جیهانی ئیسلامی، بەتایبەتی بزافە ئیسلامییەکان خۆیان ڕادەستی دەقە پیرۆزەکان بە جۆرێک کردبوو، کە ئیدی بواری ئەوەی نەدان بە قووڵی لە کێشەی سەرەکی خۆیان ورد ببنەوە. ئەگەر ئیخوان وەک پنتێکی سەرەکی وەرگرین، دەبینین لەم پنتەوە سێ بزافی سەرەکی لەسەرخۆ چەکەرەیان کردو بوونە شەتڵ و ئیستەش بوونەتە درەختێ کە سەختە لەم سەردەمدا بەرێکی بە سوود بۆ مرۆڤایەتی بگرێ. بەشێک بەرەو سیاسەتگەری و بەشێکیان سەلەفیگەراو بەشەکەیتریان جیهادکرنی دەستەویەخەیان هەڵبژارد. هەرەچەندە ئەو بەشەیان کە بەرەو سیاسەتکردن دەچوو و خۆی پتر لەگەڵ کاری سیاسی ڕۆژانە لە سەر حسابی بنەماکانی ئایین دەگونجاند، هێندەش بەشە جیهادییەکان لە سیاسەت و ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دووردەکەوتنەوە و توندتر دەبوون و هێندەش دژایەتییان لەگەڵ یەکدی خراپتر دەبوو. واتە سیاسی بوونی ئیسلامییەکان مێژووی خۆی هەیە و توندڕەوەکانیش مێژووی خۆیان هەیە. داعش ئێمڕۆکە لە توندڕەویدا خۆی گەیاندە لوتکەی توندڕەوی. دەبینین لەسەرەتادا کە بزافی جیهادی لە ساڵانی هەفتاکانی سەدەی پێشوو دەرکەوت، لە ئەفغانستان خۆیان نیشاندا، پاشان ئەلقاعدە هاتە ئاراوە، لە ناو ئەمانەدا داعش هەڵئەقوڵێ کە هەموو ئەوانیتری لە توندرەویدا تێپەڕاند. تێنەگەشتنی ئێمڕۆکەی دەسەڵاتدارانی جیهانی ئیسلامی بەتایبەتی عەرەبی، وا دەکات کە کارتی ئیسلامی سیاسی و جیهادی تێکەڵکاتەوە؛ واتە سیاسییەکانیش بەرەو جیهاد و توندڕەوی بەرێتەوە.

کەواتە لە بری ئەوەی داعش بە خەوارج بناسێنین و ئیتر ئەم دیاردەیە لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە، باشتر وایە لە هۆکار و فاکتەر و زەمینەسازییەکانیان بکۆڵینەوە. لە بری ئەوەی یەکتر تاوانبار بکەین و ئەم بە داعش و ئەو بە ماعش بچوێنین، چاترە بۆخۆمان لە خۆمان بپرسین: بۆ ڕۆژگاری ئێمڕۆکەی جیهانی ئیسلامی بەم ڕۆژە گەشتووە، بۆ کۆمەڵێك لە خاک و خۆڵ و زەمینەی خۆماندا بەم چەشنە ڕوواوە، لە هەمان سەرچاوەی ئیسلام خۆراکی خۆیان وەردەگرن، کەچی بۆ ئێمە بۆتە شێرپەنجە و خۆمانی لێ کەنار دەگرین.

بۆیە دەڵێم کێشەی جیهانی ئیسلامی هەر داعش نییە، بەڵکو بیرکردنەوەی جیهانی ئیسلامییە بە گشتی، ئەو جیهانەی سەرباری ئەو هەموو گرفت و وێرانییە، هێشتا هەر خۆی بە خاوەنی هەقیقەتی ڕەها دەزانێ و لە خۆی ناکەوێتە گومانەوە. داعش تۆوێکە لەو زەمینەیەی جیهانی ئیسلامیدا چەکەرەی کردووە، ئەگەر تائیستە دەرنەکەوتووە ئەوە لەبەر ئەوە بووە کە پەرش و بڵاو بووە، وەلێ ئیستە لە

شوێنێکدا کە کۆکراوەتەوە، بۆمان دەرکەوتووە. مرۆڤ جاری وا هەیە خۆی بە خۆی نازانێ کە شتێکی کوشندەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، چاوەڕێی دەرفەتێکە تا دەرکەوێ، تا نەجوڵی هەستی پێناکا. ئەوەی بەرژەوەندی هەبووە لە دەرکەوتنی داعشدا، بێگومان شارەزا بووە لەوەی کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە داعشەکان لەیەک شوێندا کۆکاتەوە تا بەکاریان بێنێت بۆ دابینکردنی دەسەڵات و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی. کۆتای وتە ئەوەیە: داعش دەسکەوتی بزاڤی ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی سیاسی ناوچەکەیە، هەم ئەو دەسەڵاتەیە کە بەکاریاندەهێنێ و هەمیش ئەو دەسەڵاتەی کە بەشێکی زۆری کۆمەڵگە لە پێناوی خۆیدا، دەتۆرێنێ. داعش شێرپەنجەیەکە لە سەر جەستەی جیهانی ئیسلامی کە دەرکەوتووە، کە ئەو جەستەیە دەمێکە لە خۆیدا هەڵیگرتووە. ئەو ئایدیۆلۆژیایەی داعشییەکان هەڵیانگرتووە، دەبێت بە ئایدیۆلۆژیایەکیتر بەرەنگاری ببنەوە، ئەگین هەر سەرهەڵئەداتەوە. ئەگەر حکومەتی هەرێم بە ڕەسمی بانگهێشتمان بکات، دەتوانین ئەو دژە ئایدیۆلۆژیای داعش ڕوون بکەیەنەوە، تا بتوانن بەرەنگاری داعشیزم ببینەوە.

